دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٩، دووشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

**ڕێکەوتی ٣٠ی گەلاوێژ مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمان شاهێدی ڕووداوێکی مێژوویی دڵخۆشکەر بوو؛ پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە ئاکام گەیشت و لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا بە میدیایی کرا.**
**بەم بۆنەوە لەلایەن ستافی بەڕێوەبەریی "کوردستان"ەوە گەرمترین پیرۆزباییەکانمان ئاراستەی هەموو خەمخۆران و دڵسۆزانی کوردستان دەکەین و بەڵێن دەدەین لەم سەنگەرەدا دژ بە تاریکی بەردەوام بین لە خەبات**




بەیاننامەی هاوبەش ٣

پیرۆزبایی ٦

کەشتیی حیزب لە نێوگەردەلوولی ڕووداوەکانی ... ٨


دیمانەی کوردستان ١٠


# لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە




دوای ١٦ ساڵ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای بەئاکام گەیشتنی وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوولایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بە بەشداریی سەدان کادر و پێشمەرگە و، کەسایەتییە سیاسییە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو؛ حیزبە خۆشەویست و تێکۆشەرەکەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکی گرتەوە.

ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد. دوایە بەیاننامەی هاوبەشی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەلایەن خوشکە خەدیجە مەعزووری، ئەندامی ڕێبەری و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات خوێندرایەوە. لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەندگەرا کە فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران ڕەت بکاتەوە. هەروەها هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەری ئەوتۆ کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرانسەریدا، حیسێبی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەم یەکگرتنەوەیە پاڵپشت دەبێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرنگەکانی حیزب. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە پیرۆزە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوتنەوە سەریەکی ئەو هەمووە سەرمایە مرۆیی و مەعنەوییە، پشتئەستوور بە جێگە و پێگە و ئێعتبار و خۆشەویستیی کەموێنەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات، زۆر دەرفەتی نوێ بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنن.

لەو ڕێوڕەسمەدا و دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی هاوبەش، بەڵگەنامەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەنێو چەپڵەڕێزان و فرمێسکی شادی و دڵخۆشی ئامادەبواندا لەلایەن بەڕێزان کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی‌یەوە ئیمزا کرا.

کاک مستەفا هیجری لە وتارێکی کورت لەو ڕێوڕەسمەدا باسی لەوە کرد کە ئەم یەکگرتنەوە و یەکریزییە هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی گەلەکەمان بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە لە نێوخۆی وڵات ناڕەزایەتییەکان و خەباتی جەماوەریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنگیان بە کۆماری هەڵچنیوە و لە دەرەوەی وڵاتیش ڕێژیم پتر لە هەموو کاتێک بێزراوە و لەسۆنگەی پاڵپشتیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە ئێعتبار و متمانەیەکی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا نەماوە. بۆیە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیی ئەم حیزبە تێکۆشەرە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانێکی نوێ وەبەر خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دەنێتەوە، هەم لە ئاستی سەراسەریدا شوێنی کاریگەری خۆی لە هاوپەیمانییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا دادەنێت. بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە کە دوای قۆناغی یەکبوونەمان، بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە هیممەتی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لەپێناو دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا و ئەو یەکگرتنەوەیە دڵنیایی ئەوە دەداتە خەڵکە مافخوازەکەمان کە حیزبەکەیان هەتا دواتروپکی سەرکەوتن لە سەنگەری بەرگری لە مافەکانی ئەواندا دەمێنێتەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کاک خالید عەزیزی، پیرۆزبایی ئەو یەکگرتنەوەی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە ئیلهامدەر و هەوێنی هەموو سەرکەوتنەکانی حیزب بوون و لە قۆناغە سەخت و ناخۆشەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا پشتی ڕۆڵەکانی خۆیان بەر نەداوە و بە هیممەت و توانای لەبنەنەهاتوویان حیزبەکەیان هەستاندۆتەوە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی زەروورەتەکانی یەکبوونەوە و پەیامەکانی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە یەکگرتنەوە دەرفەت بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکا و هاوکات ئەرک و دەروەستیی زیاتر بۆ خەباتکارانی حیزبەکەمان دروست دەکا. هاوکات ئەو یەکگرتنەوەیە ئەو پەیامەش بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران، چالاکانی سیاسی و مەدەنی وخەباتکار لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەدەدا کە سەرکەوتن بە سەر کۆماری ئیسلامیدا پێویستیی بە یەکگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیان و هاوکاری و خەباتی هاوبەش هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکگرتنەوەیە پشتقایمییەکی گرینگە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرینگەکانی حیزبی دێموکرات. بە دڵنیاییەوە ئەم ڕووداوە مێژوویی و پیرۆزە بە پشتیوانیی لەبنەنەهاتووی کۆمەڵانی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕێوڕەسمی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات بە چەند سروود و ڕیزەگۆرانییەک و گەڕی شایی و شادیی بەشداران ڕازایەوە.

## بەیاننامەی هاوبەش

# یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و خەبات




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە دۆستەکان!**
**تێکۆشەران، ئەندامان و سەرجەم دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات!**

بە خۆشحاڵی و شانازییەوە ڕادەگەیەنین کە سەرئەنجام وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان، گەیشتە ئاکامی دڵخواز و، یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی لێ کەوتەوە.

کاتێک لە سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی ( دێسەمبری ٢٠٠٦)، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیدا، تووشی لیکدابڕان و جیابوونەوە بوو، ئەم ڕووداوە شەپۆلێکی گەورە لە نیگەرانی و بەداخبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دۆست و دلسۆزی ئەم حیزبەی بە دوای خۆیدا هێنا.

ئەگەرچی ڕۆڵەکانی دیموکرات لە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر دوو حیزبی جیادا دابەش ببوون، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ کات ددانی خێریان بەم لێک جیابوونەوەیەدا نەنا و بە ڕەسمییان نەناسی. هیچ کات لە ڕەخنەلێگرتن و سەرکۆنەی ڕۆڵە دیموکراتەکانی خۆیان سڵیان نەکردەوە. هیچ کاتیش لە گوشارهێنان بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی هەر دوو لای دیموکرات و وەبیرهێنانەوەی پێویستیی یەکگرتنەوە، ماندوو و ناهومێد نەبوون. ئەوان لە نێو زەبروزەنگ و هەڕەشەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە هەر بۆنە و دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داوای یەکگرتن و پەیامی یەکگرتنەوەخوازیی خۆیان سوودیان وەرگرت و سەلماندیان کە حیزبی دیموکرات، ئەمانەت و سەرمایەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە لای ڕێبەران و تیکۆشەرانی ئەو حیزبە و، قبووڵ ناکەن ئەم ئەمانەت و سەرمایە لەمە زیاتر بە دووپارچەیی و لێکدابڕاوی بمێنێتەوە.

دیارە حیزبەکانی دۆستی لەمێژینەی حیزبی دیموکرات لە ئێران و بەشە جیاوازەکانی کوردستان و زۆر لە کەسایەتییە خەباتکار و ئازادیخوازەکانیش، بەردەوام هاندەری دانوستان، ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنەی دیموکرات بوون. بە خۆشییەوە لە نێو ڕێبەری، تێکۆشەران و ئەندامانی هەر دوو لای دیموکراتیشدا، یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، نەک تەنیا وەک ئەگەرێک، بەڵکوو وەک ئامانجێکیش، هیچ کات وەلانەنرا و، ئاواتی یەکگرتنەوە و بیری یەکگرتنەوەخوازی بە تێپەڕینی ساڵەکان، نەک هەر کەمڕەنگ نەبۆوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ پتر گەشایەوە.

ئەمڕۆ حیزبی دیموکرات بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، قۆناغێکی ناخۆش لە مێژووی خۆی کۆتایی پێدێنێت. لە ماوەی ساڵانی لێکدابڕاندا، هەردوو حیزب لە زۆربەی مەیدانەکانی تێکۆشاندا دیار و چالاک بوون. پاش ساڵانێک دووری و لێکدابڕانی نەخوازراوی خەڵک و پێشمەرگە، جارێکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵات شایەتی حزووری پێشمەرگەی دیموکرات و فیداکاریی ڕۆڵەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکاندا بوون. پشتگیریی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆ و پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە بێمافی و ستەم و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گوتار و سیاسەت و تێکۆشانی ئەو قۆناغەی دیموکراتەکاندا گرنگییەکی تایبەتیی پێدرا. لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە مەیدانی پێوەندییە کوردستانی و ئێرانییەکاندا، هەردوو حیزب هەوڵیاندا بە نۆرەی خۆیان نوێنەرایەتیی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. لە بواری ڕاگەیاندن، پەروەردە، ڕێکخراوە سینفییەکان، بایەخدان بە ژنان و لاوان لە ڕیزەکانی حیزب و لە بەرنامەی تێکۆشانیاندا، ئاوڕدانەوە لە تاوانەکان و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران لە بواری مافی مرۆڤ و لە پێوەندی لە گەڵ بەندییە سیاسییەکاندا، لە مەیدانی گرنگیدان بە گوتاری نەتەوەیی و شوناسخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر دوو لا بە تین و گوڕێکی نوێوە، قۆڵیان لێ هەڵماڵی.

لە ماوەی ساڵانی ئەم قۆناغەدا سەدان و هەزاران کەس لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە نەسلی نوێی لاوانی کورد، هاتوونە سەر ڕێبازی دیموکرات و تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی دیموکراتەکان بوون. لەو ماوەیەدا سەرەڕای بارودۆخی سەرچاوەگرتوو لە لێکدابڕان، ئەم دوو حیزبە لە ژمارەیەک پلاتفۆرم وهاوپەیمانەتیی سیاسیی کوردستانی و ئێرانییشدا بەشدار و هاوکار بوون. لەگەڵ هەمووی ئەو ڕاستییانەشدا، قۆناغی ١٥ ساڵەی لێکدابڕان و پێکەوەنەبوون، بە قۆناغێکی نەخوازراو و ناسروشتیی مێژووی حیزبی دیموکرات دەزانین.

دەرس و ئەزموونەکانی ئەم قۆناغە لە مێژووی دیموکراتەکان بۆ لێفێربوون یەکجار زۆر و هەر لەو کاتەشدا گرنگن. لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە دەمانەوێ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی حیزبی دیموکرات هەڵدەینەوە، وەبیرهێنانەوەی هێندێکیان لە جێی خۆیدا دەبینین:

یەکەم، گومانی تێدا نییە ئەگەرحیزبی دیموکرات بە یەکگرتوویی مابایەوە و لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا، بە یەکپارچەیی بەشدار و ئامادە بوایە، دەرفەتەکانی بەردەمی خۆی باشتر دەقۆزتەوە، دەسکەوتی زۆر گەورەتری لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەدەست دەهێنا و، بەردەنگەکانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان، زیاتر بە دەنگ داخواز و پەیامەکانییەوە دەهاتن.

دووهەم، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی دیموکراتەکان و ئامادەبوونیان لە ژمارەیەک لەو مەیدانانەدا کە ئاماژەیان پێ کرا، ئەگەر دەسکەوتی هەبووە، قوربانیی بە نرخیشی ویستووە. بە دەیان کادر، فەرماندە و پێشمەرگە و تێکۆشەری ئاشکرا و نهێنی لەو ماوەیەدا لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتدا گیانیان پێشکەش کرد. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی دیموکرات تووشی بەندیخانە، ئەشکەنجە و ئێعدام یا دەربەدەری و ئاوارەیی بوون. هەر لەو ماوەیەدا دەیان سیمای ناسراو و تێکۆشەری لەمێژینە لە نەسلەکانی پێشووی دیموکرات، چوونە ڕیزی نەمران. جێی خۆیەتی لەمڕۆژەدا وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ئاواتی هەموو شەهیدان و نەمرانی ئەو ماوەیە لە دواساتەکانی ژیانیاندا، یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات بوو کە زۆربەی سالانی تەمەنی خۆیان تێدا تێپەڕ کردبوو.

سێهەم، ئەزموونی تێکۆشانی بە جیای هەر دوو لای دیموکرات لەم ماوەیەدا سەلماندی کە لێکدابڕان ناتوانێت ڕێگەیەکی سەرکەوتوو بۆ دەربازبوون لە کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکان بێت. نەک بە لێکدابڕان و تێکۆشانی بە جیا، بەڵکوو بە ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، بە ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، بە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، بە گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، بە ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، بە پێکهێنانی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەکگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، بە پەروەردە و بارهێنانی ئەمرۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، بە خولقاندنی کەشوهەوایەک کە هەمووان حیزب بە هی خۆیان بزانن، قەیران و کێشە نێوخۆییەکان کەم دەبنەوە و چارەسەر دەکرێن.

چوارەم، ئەم قۆناغە لە تێکۆشانی بە جیای دیموکراتەکان، بە هەموو خەسار و دەسکەوتەکانییەوە، بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانییەوە، بە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانییەوە، بەشێکە لە مێژووی حیزبی دیموکرات. هەمووی ئێمە ئەو کەسانەی لە دروستکردنی ئەو مێژووەدا کەم و زۆر بەشدار و شوێندانەر بووین، بە پێی بەرپرسایەتیی حیزبی و ڕۆڵ و هەڵوێستمان لە بڕیارەکان و ڕەوتی ڕووداوەکاندا بەرامبەر مێژوو و داهاتوو، بەرپرسیارین. داننان بە بەرپرسایەتی و قبووڵی ڕەخنە لە پێوەندی لە گەڵ لێکدابڕانی حیزبی دیموکراتدا، تەواوکەری بەرپرسایەتی و ئازایەتیی هەنگاوانی ماندووییەناسانەمان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتە. بە دەربڕینێکی دیکە، سپاردنی حیزبی دیموکرات بە یەکگرتوویی بە نەسلەکانی داهاتوو، بەشێکە لە ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەمڕۆی ئێمە و، تەنیا کارێکە کە دەتوانین کەمتەرخەمی و هەڵە و وێکهەڵنەکردنی رابردوومانی تا ڕادەیەک پێ قەرەبوو بکەینەوە. هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییانە، پێویستە و دەبێ ببێتە هاندەری بەڕێوەبەریی لەمەودوای حیزبی یەکگرتووی دیموکرات و سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب کە بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسایەتی، پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی یەکگرتنەوە، بە تایبەتی یەکگرتوویی حیزبی دیموکرات بکەن.

ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات!
ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازە کوردستانی و ئێرانییەکان!
خەڵکی دیموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

لەمڕۆ بە دواوە کۆتایی بە تێکۆشانی بە جیای هەر دوو لای دیموکرات دێت. ڕێکخراوە و ئۆرگان و دامەزراوەکانی هەر دوو حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بە پێی ڕێککەوتنە دوو لایەنییەکان و ڕێوشوێنە دیاریکراوەکان و لەژێر ڕێنوێنی و چاوەدێریی ڕێبەرییەکی هاوبەشدا، لە ژێرناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، یەک دەگرنەوە و درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن.

لەم بۆنە مێژووییەدا، لە ئاست کۆڵنەدان و پێداگرتنی خەڵکی کوردستان لە سەر پێویستیی یەکگرتنەوەی حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سەری ڕێز دادەنوێنین. بە ئەمەگناسییەوە ئاوڕ لە هەوڵەکانی دلسۆزان و خوازیارانی یەکگرتنەوە لە ماوەی ساڵانی رابردوو، چ لەنێو بنەماڵەی گەورەی دیموکرات و چ لە دەرەوەی حیزبی دیموکراتدا دەدەینەوە. بە گەرمییش سوپاس و دەستخۆش بە هەیئەتەکانی هەردوو لای دیموکرات دەڵێین کە ڕەوتی دانوستان و ڕێککەوتنەکانیان بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی. ئێمە باش دەزانین کە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات یەکێک لە داوا ڕەواکان و ئاواتە پیرۆزەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و، بنەماڵەی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و تێکۆشەران و ئەندامانی سەر بە حیزبی دیموکرات بە تایبەتییە. بە بۆنەی وەدیهاتنی ئەو ئاواتە پیرۆزەیان گەرمترین پیرۆزباییان پێشکەش دەکەین. دڵنیاشیان دەکەین خەمخۆری و هەستیاربوونی ئەوان لە ئاست پرسی یەکگرتنەوە، بەرپرسایەتی و ئەرکی ئێمە لە پاراستنی ئەو دەسکەوتە گەورەیەدا، قورستر دەکا.

گومانی تێدا نییە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە دژی هەر عەقڵییەتێکی ناوەندگەرا کە فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران ڕەت بکاتەوە. هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هێزێکی شوێندانەری ئەوتۆ کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرانسەریدا، حیسێبی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەم یەکگرتنەوەیە پاڵپشت دەبێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرەنسیپە لەمێژینە و گرنگەکانی حیزب. بە دڵنیایەوە ئەم ڕووداوە پیرۆزە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوتنەوە سەریەکی ئەو هەمووە سەرمایە مرۆیی و مەعنەوییە، پشت ئەستوور بە جێگە و پێگە و ئیعتبار و خۆشەویستیی کەم وێنەی حیزبی دیموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان و، دڵگەرم بە دەرسوەرگرتن و وشیاری و ئەزموونی دەوڵەمەند و فرە ڕەهەندی ڕێبەری، کادرەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی دیموکرات، زۆر دەرفەتی نوێ بۆ حیزبی دیموکرات دەخولقێنن.

چاوەڕوانی و هیوای ئێمە ئەوەیە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، ببێتە مایەی هیواداری و دڵگەرمیی زیاتری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دیموکرات و خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەیان بە ڕێبەریی ئەم حیزبە. بانگەوازی ئێمە لەم بۆنەیەدا بۆ ڕێکخراوە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران، کۆڕ و کۆمەڵە و گرووپ و ناوەندە مەدەنی و ئازادیخوازەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەوەیە، هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و ڕاوەستانی بێ وێنەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هاندەریان بێت بۆ یەکگرتن و پتەوکردنی ڕیزەکانیان، هاندەریان بێت بۆ هاوکاری و خەباتی هاوبەش. حیزبی دیموکرات لەمەودوا بە دەستوباڵێکی ئاوەڵاترەوە بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئامانج و پرۆژە نەتەوەیی و خەباتگێڕانەکانی، یەک لەوان پێویستیی پێکهێنانی هاوخەباتی و هاوپەیمانیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکان هەنگاو دەنێت.

سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و نەمرانی مێژووی ٧٧ساڵەی حیزبی دیموکرات بە تایبەت سێ ڕێبەری شەهیدی دیموکرات: پێشەوا قازی محەممەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی.

پیرۆزبێ یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە هەموو تیکۆشەران، ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی سمینارێکی هاوبەش بەبۆنەی یادی ٧٧ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات



هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا و لە دواقۆناغەکانی یەکگرتنەوەدا، سمینارێکی هاوبەشیان بۆ بەڕێزان حەسەن شەرەفی و عومەر باڵەکی پێکهێنا.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری (لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و بەڕێز خالید عەزیزی (سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان) و سەدان کادر و پێشمەرگەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و لە دواقۆناغەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا و بەبۆنەی ٧٧هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبە، سمینارێکی هاوبەش بۆ بەڕێزان کاک «حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک «عومەر باڵەکی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سمینارەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دەسپێکی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە بەڕێوەچوونی ئەم سمینارە هاوکاتە لەگەڵ دواقۆناغی یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی دێموکرات و ئەوەش مزگێنییەکی خۆشە بۆ خەڵکی بەئەمەگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیری هێنایەوە کە ٢٥ی گەلاوێژ هاوکاتە لەگەڵ دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «ژێکاف» کە سێ ساڵ دواتر حیزبی دێموکراتیش لەو ڕێکەوتەدا دامەزرا و دامەزرێنەرانی ژێکاف هەمان دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات بوون.

ڕێزدار شەرەفی لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا وتی: «دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئاوات و ویستی خەڵکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەدی‌هێنا و دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە کە پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی پاشایەتی کە ئەمەش شانازییەکی مەزنە بۆ حیزبی دێموکرات کە لە هیچ کات و سەردەمێکدا سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێکی پاوانخواز نەوی نەکردووە و هەمیشە بە شانازییەوە بەرگری لە مافی ڕەوای گەلەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، وێڕای ئەوەی کە وەکوو ئێستا ڕاگەیاندن بەو شێوەیە بەرفراوان و ئاسان نەبووە بەڵام سەرنجی تەواوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و دوای کۆماری کوردستانیش هەمیشە خاوەنی زۆرترین جەماوەر و لایەنگر بووە، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.»

ناوبراو لە کۆتایی وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکرات باوەڕی تەواوی بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە و لەو بوارەدا لەسەر هەموو پڕەنسیپەکانمان پێداگرین.

دواتر بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە بە ئەنجام گەیشتنی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات، بە ئاماژە بە کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەسەر گەشەی هەست و بیری نەتەوەیی، بابەتێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و وتی: «گەشەی بیری نەتەوەیی بە پاڵپشتی حیزبی دێموکرات نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان ڕەنگدانەوەی هەبووە و دامەزراندنی حیزبی دێموکرات پێویستییەکی مێژوویی بوو کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و لەسەردەمی خۆیدا دامەزراوە و لەو هەلومەرجە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە.»

هەروەها بەڕێز باڵەکی لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا باسی لەوە کرد کە: «دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی‌دا، بەرپەرچدانەوەیەکی بەهێز بوو بەدژی ئەو ڕێژیمە و حیزبی دێموکرات بۆ پەرەپێدانی بیری شوناسخوازی نەتەوەیی کەوتە دروست کردنی هێما نەتەوایەتییەکانی وەک ئاڵا، سروودی نیشتمانی، سپای میللی، بەرەسمی دانانی زمانی کوردی ، جیژنی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا دروست کردنی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و دروست کردنی بەستێنی ئاشتەوایی نێوان عەشیرە کوردەکاندا.»

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئیستاش دوای ٧٧ساڵ، گوتاری حیزبی دێموکرات پێداگری لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەند بوون بە چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کورد، پاریزگاری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان و هاندانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کلتور وفەرهەنگی نەتەوەیی دەکا.

شایانی باسە کە سمینارەکە بە شادی و خۆشحاڵیی بەشداربووان بەبۆنەی گەیشتن بە دواقۆناغەکانی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتەوە کۆتایی پێهات.

## چالاکیی تەبلیغی

# ساڵانە لە بەرەبەری بۆنە نەتەوەیی و حیزبییەکاندا خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە شێوازی جۆراوجۆر چالاکیی تەبلیغیی بەرین بەڕێوە دەبەن؛
# ئەمساڵیش لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە دروشم و تراکتی حیزبی نەخشێندران کە لێرەدا سەرنجتان بۆ ڕاپۆرتی بەشێک لەم چالاکییانە ڕادەکێشین:

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی یادی ئەو ڕۆژە مێژووییەیان پیرۆز نرخاند و شکۆ و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکراتیان لە میدانی خەبات بە دژی دوژمنانی گەل سەلماندەوە.

بەو بۆنەوە لە شاری پیرانشار ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی دێموکرات لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغیدا ٢٥ی گەلاوێژ و یەکڕیزیی دێموکراتەکانیان پیرۆز نرخاند و ئاگری گەلاوێژیان هەڵ کرد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا کراوە بریتین لە : ‹›گوندەکانی زەنگیاوێ، کوندرێ، شنوزەنگ، زاواکێو، دایە شێخی، گردە بن، ڕێگای نیوان قورچاوی شێلمجاڕان.

لە بانە، ئەندامانی تێکۆشەری دێموکرات کە ماوەی چەندین ڕۆژە لە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی بەردەوامن ئەمجارەش گڕوتین و شکۆیەکی دیکەیان بە ٢٥ی گەلاوێژ بەخشی.

ئەو شوێنانەی کە لە بانە کاری تەبلیغیی تێدا کراوە بریتین لە: ‹›گەڕەکەکانی ئازدگان و ساڵحاوا، بانە پشت دووکانان، بناری ئاربەبا، گوندی ئەنجێنە، بەڵەسەن، مەزرەلان، بانە باسگاکی زەرواو.

لە سنەی خوێناوی ڕۆڵە بەجەرگ و تێکۆشەرەکانی دێموکرات بۆنەی ٧٧ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغییان ئەنجام دا و دڵی ڕێژیمی ئێرانیان هەژاند.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹›چوار باغ، ساڵۆن تەختی، فەراح، شەریف ئاوا، شەهرەک سەعدی، ئەدەب، ٢٨ی دەی، حەسەناوا هەروەها لە ناوچەی ژاوەرۆ لە گوندی ساڵیان و سەرهوویە››.

لە مەریوان ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکڕیزیان پیرۆز نرخاند و خۆشەویستی و وەفاداری خۆیان بە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە لە مەریوان چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: پارکی میللەت، چوارباخ، کەمەربەندیی چوارباخ، گەڕەکی محەممەدی، ئاتەش نیشانی، مزگەوتی هەژارە، گەڕەکی کونەدێۆ، سەیرانگای گەشتیاریی زرێبار، سەیرانگای قەڵای ئیمام و گوندەکانی سەرنژمار، دەگاشێخان، تووتمەر.

هەر بەو بۆنەوە لە شارەدێی ‹›نێ›› سەر بە مەریوان پێشمەرگەکانی شار بە چەک و ڕەختی پێشمەرگانەوە تراکتی حیزبیان بڵاوکردەوە و هەروەها تەقەی خۆشیان کرد.

لە سەقز ڕۆڵەکانی هەردەم لە سەنگەری دێموکرات بە نووسینی دروشم و ئاگرکردنەوە ٧٧ـەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانیان پیرۆزبایی کرد و دڵی خەڵکی ئەو ناوچەیان شاد کرد.

ئەو شوێنانەی لە سەقز چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹›حەماڵاوای خواروو و سە روو، ناوچەی گەورکی سەقز لە بەرزایەکانی فەقەی یاڵی شاخەڕەش لەپشتی گوندەکانی شێوەتوو و گوێزکوێرە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە کامیاران ‹›گوندی زیویە، پشت کوچکە ڕەشەکان، لەبان شیرین سوار و هێرسە و تیلەکۆ›› بە هەڵکردنی ئاگری گەلاوێژ، ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و جێژنی یەکڕیزیی دێموکراتەکانیان پیرۆزبایی کرد.

لە مەهاباد ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و پڕ لە هەستەکانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاویژ و یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات لە گوندەکانی ‹›قسقەلا، قوڵەسەن، بەفرەوان، سێڕای شیلاناوێ، سێڕای حەوتەوانان و سارەوانان›› تراکتی حیزبیان بڵاوکردەوە و هەروەها لە گوندی ‹›حاجی عەلی کەند›› ئاگری جیژنی گەلاوێژیان کردەوە و پێگەی بەرز و خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتیان دووبارە نیشان دایەوە.

لە شاری شنۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ بە سەردانی گڵکۆی شەهیدان ‹›محەممەد کورد نژاد›› ناسراو بە›› محەممەدی عەلی پیرێژنێ›› پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدانی سوورخەڵات نوێ کردەوە، هەر لەو شارە ئەندامانی حیزب لە سەیداوێی خوارێ ڕووبەڕووی مزگەوتی قوبا و هەروەها لە گوندی ‹›تاژەندەرێ›› بەبۆنەی ٢٥ی گەلاویژ بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بەو ڕۆژە ئەو ڕۆژەیان بەرز و پیروز ڕاگرت.

هاوکات لە چالاکییەکی دیکەدا، شەوی ٢٥ی گەلاوێژ پێشمەرگەکانی شار لە گوندی سینگان بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ و تەقەی خۆشی ئەو ڕۆژەیان لە خەڵکی کوردستان پێروز کرد، حزووری پێشمەرگەکانی شار لەو گوندە لە حاڵێکدا بووە کە هێزێکی زۆری دوژمن لەو ناوچەیە بڵاوەیان پێکرابوو، پێشمەرگەکانی شار لەو گوندە پەیمانیان نوێ کردەوە کە تا سەر دەرێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بن و تا سەرکەوتن دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرن.

لە شاری نەغەدە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە دانانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە سەر گڵکۆی ‹›محەممەد ئەوراز›› یادی ٢٥ی گەلاوێژیان پیرۆز نرخاند.

ئەندامانی بوێر و تێکۆشەری حیزب لە شاری بۆکان لە ‹›فەلەکەی موعەلم›› کە ڕێگای سەرەکی و پێوەندیی پاریزگای تەوریز بۆ پاریزگای سنە و شاری بۆکان بۆ سەقزە، بە نووسینی پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژ لە پارچەیەکی ٢ لە ٣ میتری خۆشحاڵییان خستە دڵی خەڵکەوە.

هەروەها ئەندامانی حیزب لە ‹›سێرییانی قارنجە، پیروەلی باغ، سریلئاوا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و هەروەها ئاگری ٢٥ی گەلاوێژیان لە کێوی پشتی سریئلاوە کردووەتەوە .

هەر بەو بۆنەوە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەرپێڵ زەهاو بە بڵاوکردنەوەی نووسراوەی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ، یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆز ڕاگرت.

لە شاری ئابدانان سەر بە پاریزگای ئیلام تێکۆشەرانی دێموکرات لە چالاکییەکی تەبلیغیدا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و جیژنی یەکڕیزییان پیرۆز نرخاند و پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتیان لە ڕاستای وەدەیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد بە دوژمنان پیشان دا.

ئەو شوێنانەی کە لە شاری ئابدانان چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژەی لاپەڕەی ٣

«گەڕەکی هەزار دەر، کوشتارگا، ڕەجایی، مەیدانی وروودی، مەیدانی ئەسڵی، شەقامی پەدافەندی نیرووی هەوایی ئەرتش، ئیدارەی پۆست، شەقامی موتەهەری و بلواری بەسیج، هەروەها لە شارۆچکەی سەراو باغ و گوندی وەچکەبوود.

لە شاری «ئەسەدئاباد»ی هەمەدان ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێک کە سیاسەتی ئازادیخوازنەوە و ڕزگاریخوازنەی خۆی لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا بە بەرپرسیارەتییەوە بەیوە بردووە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

لە شاری کوهدەشت سەر بەپارێزگای لورستان ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکی لە ‹›مەیدانی ئیمام، مەیدانی ئیمام حوسێن و مەیدانی تەوحید››، دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانیان پیرۆزبایی کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕی.

لە ڕاپۆرتێکی دیکە ماڵپەڕی کوردستان میدیا ئاشکرای کرد کە پێشمەرگەکانی شار لە مەهابادی دێموکراتەوە بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و جێژنی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، لە چالاکییەکی تەبلیغییدا بە نەخشاندنی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم ئەو ڕۆژەیان پیرۆز نرخاند و لە پەیامێکدا گەرمترین پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی کادر، پێشمەرگە، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و هەموو خەڵکی کوردستان کرد بەو هیوایە کە ئەوساڵ ببێتە ساڵی تەبایی و یەکیەتیی هەموو حیزب و لایەنەکانی کورد و هەموو خەڵکی کوردستان.

بەو بۆنەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز شەوی ڕابردووو لەنێو شار و جادەی سەرشیوی سەقز چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەروەها لە ماڵەکانیان ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەیان جێژن گرت.

لە ئیلام لە شاری دەرەشار، ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە شوێنەکانی وەک سەیرانگای سراوی دەرەشار، گەڕەکی ئەرازی شاری ئیلام، لەبەر دەرگای ئۆستانداریی شاری ئیلام، بەر دەرگای دادسرای ڕێژیم و مەیدانی ئەرغەوان، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغیی ٢٥ گەلاوێژ و یەکگرتنەوەیان پیرۆزبایی کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر بڕیارێکی حیزبی دەربڕی.

لە سنەی خوێناوی، ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە گەڕەکی زاگرۆس، پارکی بەهاران و حەسەناوا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆزبایی کرد.

لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە گوندی تەنگیسەری هەمیشە دێموکراتەوە ئەندامانی حیزب بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد و ئاگری ٢٥ی گەلاوێژیان کردەوە و هاوکات سروودی ‹›من گەلاوێژم››یان بڵاو کردەوە و تەقەی شادیان کرد و وەفاداری خۆیان بە حیزبەکەیان نیشان دا .

لە بانەی ئاربابەوە ڕۆڵە بەرجەگەکانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و جێژنی یەکڕیزی لە چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغییدا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، شوێندانەریی و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکراتیان بە داگیرکەران پیشان داوە.

ئەو شوێنانەی کە لە بانە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە گوندەکانی: ‹›نێزەرۆ، ساوان، خواجامیر، شوێ، ماماڵ، کانیسوور، سەرقووڵ، شەڕگە، میراوای سەرێ، میراوای خوارێ، سپیداری، پیاوێن، بناری ئاربابا، پیرمراد، پەناگای شاخەوانی ئاربابا، کانی سەوزی ئاربابا.

لە پیرانشار و کۆنەخانی ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە چالاکییەکی تەبلیغییدا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی شکۆیان بە ٢٥ی گەلاوێژ بەخشی.

ئەو شوێنانەی کە لە پیرانشار چالاکیی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە : «مەزگەوتی مام خەلیل، مەنتیقەی مام خەلیل، کەمەربەندیی کۆنەخانی، گەڕەکی مام خەلیل، مەزگەوتی سەلمان فارسی، کاسەکەران، مزگەوتی ئەنساری کۆنەخانی، شەقامی کۆنەخانی، بازاڕی سیگاران، ٢٤ میتری ، مزگەوتی دارولقورئان، مزگەوتی هیجرەت، مەدرەسەی شورا، مزگەوتی حەزرەتی ئیسماعیل، تالاری خەیام، گوندی سەروکانێ

لە بۆکان پێشمەرگەکانی شار لە ‹›کلکەی بەردە ڕەشانی مەلالەر›› بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان ٢٥ گەلاوێژیان پیرۆز نرخاند و پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە نەغەدە، لە گوندی دەشتی قوڕێ بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆز نرخاند.

لە شنۆ تێکۆشەرانی دێموکرات بە بۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و هەڵواسینی پارچە نووسراوە لە فەلەکەی هەڵەبجە و گەڕەکی ڕەحیم ئاباد، خۆشەویستی و گەورەیی حیزبی دیموکراتیان نیشان داوە.

لە مەریوان ئەندامانی بەوەرەی حیزبی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی لە شوێنەکانی وەک «ئاواییەکانی کاڵی سەروو و کاڵی خواروو، جادەی شارەکی هیجرەت و سێرێیانی گوندی دەگا شیخان›› ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیان پیرۆز نرخاند و جێژنی یەکڕیزییان پیرۆزبایی کرد.

هاوکات لە ناوچەی هاوشار لە گوندی «قازانلی» ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی نووسراوەی حیزبی ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆزبایی کرد و لەگەڵ ڕۆحی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

هەروەها لە شاری شیراز لە نزیک دەروازە قورئان ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ بە دوژمنانی کوردیان سەلماند کە خەباتی حیزبی دێموکرات هەروا لە پەرەگرتندایە و تا گەیشتن بە ئامانجەکانی دەست لە خەبات هەڵ ناگرێت.

هەمان سەرچاوە بڵاوی کردۆتەوە کە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ و هەروەها بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان بە بەڕێوەبردنی چالاکی و بڵاوکردنەوەی شیرینی، شادی و خۆشحاڵیی خۆیان لەو بارەوە نیشان داوە.

لە گوندی هەمیشە دێموکراتی «تەنگیسەر»ی سەر بە شاری سنە و هەروەها لە نیبەری کاکێشانی شەهیدان خەڵک بە بڵاوکردنەوەی شیرینی، شادی و خۆشحاڵیی خۆیان بەنیسبەت یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان نیشان داوە. یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان شادی و خۆشیی خستووەتە نێو خەڵکی کوردستانەوە و خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر نیشان دەدەن کە بەو پرۆسەیە خۆشحاڵن.

لە ناوچەکانی «باینگان»، «بانوورە» و «لاران»ی سەر بە شاری پاوەش، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.




ئەندامانی حیزب بە نەخشاندنی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشمی ٢٥ی گەلاوێژ، ڕێزیان لە ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات گرت.

شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی گەلاوێژ و بۆ چەندەمین جار قارەمانانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە شاری نەغەدە چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی گەل بۆ بەرزڕاگرتنی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە گوندەکانی «قەڵاتان، دیلانچەزخ و دیلانچەرخی خوارێ» چالاکیی تەبلیغییان کردووە.

پێشمەرگەکانی شار لەم چالاکییەدا با ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزب لە نێو ئەو گوندانەدا گەشتیان لێ داوە و خۆشحاڵیی خۆیان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەربڕیوە. ئەو ئاڵا و ئارمە لە گوندەکان هەڵوسراوە و بووەتە هۆی خۆشحاڵیی خەڵک.

تێکۆشەرانی هەردەم لە سەرنگەری دێموکرات لە شاری مەهاباد بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی هەموو کادر و پێشمەرگە، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و خەڵکی کوردستان کرد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە : ‹› گەڕەکەکانی فەجر، وەفایی، تێرمیناڵی قەدیم، چوارڕای ئازادی، بەهارستان، مەجبووراوا، چوارڕای وەفایی››

لە بۆکانیش ڕۆڵە بەرجەرگەکانی دێموکرات بەبۆنەی ٧٧ـەمین ساڵیادی دامەرزانی حیزبی دێموکرات و جێژنی یەکڕیزی، بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکت لە ‹›سێرێیانی پیروەلی باغی، سێرێیانی گوڵخانە، ڕووبەرووی قەڵای بەرزی ساری بابا، ناوچەی چۆمی مەجیدخان و هەروەها لە سەیرانگای کێوە ڕەش›› کە بە هەزاران کەسی لێ بووە دڵی خەڵکیان شاد کرد و بە دوژمانی گەڵی کوردیان سەلماند کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەو گەڵە دەست لە تێکۆشان هەڵ ناگرن.

لە شاری بانە، تیکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکت و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆز ڕاگرت و هەڵوێستی خۆیان دژی ڕێژیمی ئێران دەربڕی.

ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر لە مزگەوتی ئەو گوندە و لە نوێژی هەینیدا، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بە شیرینی پێشوازییان لە خەڵک کرد و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حێزبی دێموکرات جارێکی تر نیشان دا.

هەر بەو بۆنەوە لە مەریوان لە گوندی ‹›گوڵچێر›› ئەندامانی تێکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بە نووسینی دروشم یادی دامەرزانی حیزبی دێموکرات و جێژنی یەکڕیزیان پێرۆز ڕاگرت.

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٧مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی بە دوژمنانی گەلیان سەلماند کە حیزبی دێموکرات بە گوڕتر لە جاران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تێدەکۆشێت.

بەم بۆنەوە لە شاری ورمێ تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی نووسراوەی حیزبی ٢٥ی گەلاوێژیان پیرۆز ڕاگرت و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان بە ڕەمزی سەرکەوتن ناو برد.

ئەو شوێنانەی کە لە ورمێ چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: تەرزلو، شارەک دانشگاە، جادە میراباد قشلاق، کۆڵانەکانی شارەکی سپا، پردی قویون و جادەی بەند.

ئەندامانی بوێری حیزبی دێموکرات، لە شاری سنە لە شەقامی ١٧ی شەهریوەر، میدانی مامۆستا بێسارانی (٢٥) و دەرووبەری، جادەکانی کەڵاتێ و گوندی ئەوێهەنگ و زۆربەی باخەکانی گوندی هوویە بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و خۆشەویستی و وەفاداریی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دەربڕیوە و ڕایانگەیاندووە کە یەکگرتنی ئێمە شکستیکی گەورە بۆ ڕێژیمی ئێرانە.

هەروەها ژنانی تەنگیسەر کە دانیشتووی مەریوانن، بە پۆشینی جامانە و دانانی ئارمی حیزب و وێنەی ڕێبەرانی شەهید ‹› قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی›› هەروەها بە دانانی شیرینی، ٢٥ی گەلاوێژ و یەکگرتنەوەیان پیرۆز ڕاگرت.

لە بانەی ئاربابەوە ئەویندارانی ڕێگای سەربەستی و ئازادی بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە سەر دەرگای شارەداریی ئەو شارە یادی ٢٥ی گەلاوێژیان بەرز ڕاگرت و وەبیر داگیرکەرانیان هێناوە گەلی کورد هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی دەست لە خەبات هەڵ ناگرێت.

ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە شاری شنۆ لە گەڕەکەکانی ‹›ڕەحیم ئاباد، سەلیم ئاباد، ڕەحیم زادە و سیداوا تراکتی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژیان بڵاوکردەوە و یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆز ڕاگرت.

تیکۆشەرانی دێموکرات لە پیرانشار، لە سەیرانگای هەوشینان و بناری سەیداوا، بەئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی ٧٧مین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەیان پیرۆز نرخاند.

لە مەهاباد ڕۆڵەکانی پێشەوا بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و جێژنی یەکریزی دێموکراتەکان، لە نێو شار، پردی ئیندرقاش و جادەی مەهاباد- بۆکان، بەبڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی چرای خەباتیان گەشاوەتر کرد.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جێژنی یەکڕیزی، ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بەڕێوە بردنی چالاکیی تەبلیغیی شکۆی ئەو حیزبەیان بەرز ڕاگرت و بە داگیرکەرانی کوردستانیان سەلماندەوە پێگە و خۆشەویستی حیزبی دێموکرات هەروا لە برەودایە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لە گوندی ‹›قایر›› بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکرات لە سەر دەرگای قوتابخانە و تابڵۆی ئەو گوندە و هەروەها لە ڕێگای گردەوان بۆ قایر بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی یادی ٢٥ گەلاوێژ و جێژنی یەکڕیزییان پیرۆز ڕاگرت و پێگەی حیزبی دێموکراتیان پێشان داوە.

بەو بۆنەوە لە مەهاباد ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات، بەشێوەیەکی بەرین تراکت و پووستێری حیزبیان لە نێو شاردا بڵاو کردووەتەوە و یادی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتیان پیرۆز ڕاگرت و سەلماندیانەوە کە حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاڵاهەڵگری ئەو بزوتنەوەیە.

ئەو شوێنانەی کە لە مەهاباد چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: سەنجاناوا، بازارچە، شەقامی ئۆفۆق، ئاموزشگای حیکمەت، باغی مکائیل، باغی فێردۆس، پارکی ئەسحابە، شەقامی مەنبەعی ئاو، پارکی ئەرتش، مەیدانچەی حەسن زادە، تالاری وەحدەت، قوتابخانەی بداق سوڵتان، باغی شایەگان، مەزگەوتی عومەری فاروق، مەزگەوتی کۆنە پەشتپ، قوتابخانەی حوسێن فەهمیدە، فەلەکەی مەلاخەلیل، دۆڵی گاقڕان، قۆتابخانەی سەعدی، مەیدانی کۆسار، مەحموودکان، قووتابخانەی چەمران و جانبازان.

قارەمانانی دێموکرات لە نەغەدە بەبۆنەی ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ‹›کانی مام سەیدە و سێڕای مەمەلیان›› بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزب چلاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی پیرۆزی حیزبی دیموکرات نوێ کردەوە.

لە شارەدێی پەسوێ سەر بە پیرانشار، تێکۆشەرانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ٢٥ی گەلاوێژیان پیرۆز ڕاگرت و لەسەر بەردەوامیی خۆیان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد پێداگرییان کردەوە.

هەر بەوە بۆنەوە لە شنۆ ڕۆڵەکانی هەردەم لە سەنگەری دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵیادی دامەزرانی ئەو حیزبەیان پیرۆز ڕاگرت و لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.

ئەندامانی دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە ئاواییەکانی ‹›مێراو و نییەر›› بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و نووسینی درووشم و بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و هەروەها بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزب نوقڵ و شیرینیان دابەش کرد و پێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیشان داوە.

لە بانە ئەندامانی بوێری حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٧٧ مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بەبڵاوکەنەوەی تراکت و شیرینی و نووسینی دروشم ئەو ڕۆژە مێژوویییەیان پیرۆزبایی کرد و گەورەیی و شوێندانەریی حیزبی دێموکرتیان بە دوژمنانی کورد سەلماندەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە برتین لە :››جادەی بانە بۆ ئارمردە، بەرەو بلەکێ، جادەی بلەکێ بەرەو سارداو، بەشێک لە گەڕەکەکانی بانە›› .

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئیلام لە شاری دەرە شار لە ڕێگاکانی دەرەشار بۆ پۆڵدەختەر و ئابدانان، نزیک باشگای وەرزشی زەرەلوار، ٢٥ گەلاوێژ ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیان پیرۆزبایی کرد و پێشوازییان لە یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات وەکوو وەرچەخانێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد، کرد.

لە «سەلاسی باوەجانی» ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ پیرۆزبایی ئەو جێژنەیان لە هەموو تێکۆشەرانی نێو سەنگەری خەبات و تێکۆشان، بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، کادر، پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان کردووە و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵیی خۆیان بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان نیشان داوە.

هەروەها لە شاری «مەریوان» و گوندی «نێ» هیواداری خۆیان نیشان داوە کە لەوەبەدوا بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات هەموو هێز و وزەی خۆی لە دژی ڕێژیمی پەت و سێدارە بەکار ببا و ئەزموونی ناخۆش لەنێو ماڵی کورددا دووپات نەبێتەوە.

# ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دەرکردنی فتوای خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان

ئاکۆ عەلیزادە




منطقه کردستان
اطلاعات
۴۰ نفر درسنندج،مریوان وسقز تیرباران شدند





**پێشەکی :**
بەپێی ئەزموونە مێژووییەکان زۆر جار ڕەوتی شۆڕشە ئازادیخوازانەکان لە ئاکامی بەدەسەڵاتگەیشتنی پرۆسەی شۆڕش هەڵدەگەڕێتەوە و ڕوو دەکاتە ڕێچکە و ئاقارێکی توندئاژۆیانە و دەرەنجامەکەی دەبێتە هۆی چێبوون و هاتنەسەرکاری حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و شۆڕشگێری دوێنێ دەبێتە دیکتاتۆری ئەمڕۆ و ئەو قارەمان و ئەو خەڵکەی کە لە پێناو ئەو شۆڕشەدا قوربانی و تێچوویان داوە بە خراپ هەڵبژاردنی تاکێک و فریوخواردنیان دەبنە هەمان جیلی چەوساوەی کۆمەڵگا .
لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەڵاتنی شا، یان ڕووخانی سیستمی پاشایەتی، هەر لەسەرەتاوە داڕێژەرانی سیستمی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی تازە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دا و بەرەو ڕەوتی پاوانخوازی و قۆرغکردنی دەسەڵات هەنگاویان نایەوە .
خەڵکانی بەشداربووی ئەو شۆڕشە بەناو ئیسلامییە لەسەرەتاوە بە ڕاپرسییەکی فۆرماڵیتە و دوور لە پرەنسیپ و یاسا و چوارچێوەی هەڵبژاردن، و لە دوای ئەو بەزۆرەملیکردنی حیجاب و زۆر کێشە و ئاریشە کە هەموویان لە پێناو بەرتەسککردنەوەی بیری خەڵک و دارشتنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و پاوانکردنی دەسەڵات و زاڵبوونی سیستم بەسەر خەڵکدا بوون ڕووی دیکتاتۆری ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرەو و زانیان کە پابەند بە هیچ یەک لە بنەما کان و بنچینە کانی مەنشووری مافی مرۆڤ و بنەما دێمۆکراسییە کان نییە .
تەوەر :
لەو وڵاتانەدا کە حکومەتی نادێموکراتیك و دژە مرۆڤایەتی دەسەڵاتی پاوان کردووە، هەر چەشنە ئازادیخوازی یان مافخوازییەك، بە توندوتیژی و شەڕ وڵامی دراوەتەوە و دەسەڵاتدارانی سەردەم ویستوویانە و دەیانەوێ دایپلۆسن و هەروەها تێکی بشکێنن وبیکەنە قوربانی بەرژەوەندی دوورو نزیکی خۆیان و هاوشانەکانیان .
لەوساڵانەش دا کە خەبات و شۆڕشی گەلی کورد دوای ساڵێک بووژانەوەی بە خۆیەوە دیت و هەنگاویی بۆ قۆناغێکی تر لە دەســـتەبەر کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەمان هەڵێنا بەرەو ڕوویی هەڵوێستی توندی ئاخوندە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان بوو و لە چەند مانگ دوایی دامەزراندنی ئەو ڕێژیمە پلانی خۆیان بۆ گەلانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەیی کورد ئاشکرا کرد .
بەر لە هێرش بۆ سەر کوردستان ڕێژیم ڕەوتە فکری و سیاسییەکانی گەلانی تریی ئێرانی کردە ئامانج و دەستی دایە سەرکووتی بزووتنەوەی تورکەمەن سەحرا و ئەویان دەخوێنی خەڵکی بێتاوان دا ون کرد و هەر وەها بوونە هۆیی خەفەقان و سەرکووتی نارەزایەتییەکانی خەڵکی خووزستان و چەند پلانی توندئاژۆیانەی تر لە ئیـــــسفەهان و زانکۆ کان کە هەمووی ئەوانە لەلایەن مۆرەکانی جێگای بەوەرپی خۆیان عەمەلی دەکران.
بەڵام بە هۆیی بارودۆخی کوردستان و چالاکی حیزبە کوردییەکان سەرکووت کردنی کوردستان لەچاو گەلانی تر ئەستەم بوو بۆیە لەسەرەتا بە پیادە کردنی ورکە پیلان و بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامە داڕێژراو بە نانەوەی هەندێک خرابی لە شارەکانی کوردستان دەستیان کرد بە داگیرساندی مۆمی شەڕو ئاژاوە لەو ناوچەیە و بەدژی خەڵکانی کورد کرد .
لە کۆتایی مانگی ڕەشەممەی ١٣٥٧ و لە دەسپێکی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە شارەکانی مەهاباد و سنە ، بە دەستووری ممۆرە تازەکانی ڕێژیم لە پادگانەکانی ئەو ناوچانە دەستیان دایە بەر دەسڕێژی خەک و کوشتاریان بۆ خەڵکی کورد وەک مزگێنی سەرکەوتنی شۆڕشە بە نێو ئیسلامییەکەیان بە دیاری هێنا .
لە مەهاباد ٢٠کەس بە هۆی تەقەی ئەم هێزە سەرکووت کەرامە و لە سنە نزیکەی ٢٠٠کەس بە هۆیی تۆپ بارانەکان گیانیان لە دەست دا .وە هەروەها پێک هێنانی (شۆڕای عەشایری کوردستان ) کە پێک هاتبوو لە ئاغاوتەکان (فێئۆداڵەکان ) وە هەروەها عەشایەر و ڕێکخستنیان بۆ ئامانجە خۆفرۆشەکانیان ، هەوڵی وەی دا کە شەڕی کورد بە کورد بکات .
لە دوای ڕێژیمی پەهلەویی حیزبە کوردییەکان وەک دێمۆکرات و کۆمەڵە کۆنترۆڵی بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان گرتبوو دەست و ئەمنیەتێکی سەقامگیریان دابین کردبوو.
« بە ڕەیسی گشـــتی ستادی ئەرتەش و ڕەیسی گشتی ژاندارمێری ئیسلامی و ڕەیسی پاسدارەکان ئەمردەکەم کە بۆ هێزەکانی ناردراو بۆ ناوچەی کوردستان دەستوور بدەن کە تەواوی شەڕخوازان و هێرشبەران کە لە حاڵی هەڵاتن دان ، وەدوایان کەون و ئەوان دەستگیر بکەن و بە زووترین کات سزایان بۆ دیاری بکەن و تەواوی سنوورەکانی ناوچە بە زوویی بگرن و ڕێگری بکەن لە دعرچوونی ئەوان و سەرکردەکانیان بە تەواویی هێزەوە دعستگیر و تەحویل بدەن ، سەرپێچی لەو فەرمانە دەبێتە هۆیی لێپرسینەوە و سزای توند . »
ئەو وتانە بەشێکە لە فەرمانی بە نێو جیهادی خومەینی لە دژی کوردستان کە لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ دەرکرا . فەرمانێک کە بۆ هۆکاری تێکرمان و بێدەرەتانی و چەوسانەوەی خەڵکی کورد .
حـــیزبە کوردییەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ڕاپرسی کردن لەسەر سیستێمێک کە نێوەرۆکی هێشتا بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕوون نییە هەڵەیە وئەویان بە نادێموکراتیک نێو برد . ئەوە بۆ هۆکار کە خومەینی جەلاد لە بە امبەر کوردستاندا ڕاوەستێ و بە ئاشکرا شەڕەکە ڕابگەیێنێت .
ئەو هەروەها ڕێگری لەوە کرد کە ڕێبەری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ، ڕێبەری حیزبی دێموکرات کە لەسەرەتاکانی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ بە زۆرینەی دەنگ وەک نوێنەری مەجلیسی شارەزایان لە پارێزگای ورمێ هەڵبژێردرابوو بچێت بۆ مەجلیس .
لە یەکەم هەنگاودا لە دوایی دەرچوونی فەرمانی خوومەینی سادق خەڵخاڵی دادوەری دادگاکانی ئینقلاب حوکمی تیرەبا ان کردنی ١٢ کەس لە کوردانی بێتاوانی لە شاری پاوە دەرکرد .
هەروەها لە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی هەمان ساڵ لە ئاکامی هێرشی نا جوامێرانەی هێزە بەکرێ گیراو و توندئاژۆ کانی ڕێژیمی ئاخووندی تاران بۆ سەر قارنێ و قەڵاتان ٦٨کەس لە خەڵکی ئەو گووندانە بە تاوانی کورد بوون گیانیان لە دەست دا و ڕێـــــژیم و مۆرەکانی بە دڕندانە ترین شێوە سەرکووتی خەڵکی ئەو ناوچانەیان کرد و هەر ئەو کارانەش بوونە هۆی ئەوەیکە مۆرێکی ڕوورەشی هەتا هەتایی بە نێو چاوانی ئەو ڕێژیمە تێرۆریست و خائین بە گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد بێ و ببێتە هۆیی بێ ئابڕوویی ئەو ،هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان یەکێك لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وەك پەڵەیەکی ڕەش بە ناو چاوانی ئەم ڕژیمەوە دەمێنێتەوە وبۆ نەتەوەی کوردیش بەرگێکی زێڕینی دیکە لە خۆڕاگری و خەباتی بێ وچانی لە مێژووەکەی تۆمار کراوە.
کوردستان تەنیا ناوچەیەکی ئێران بوو کە خەڵك چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە گرتبوو. دوور نەبوو کە ئەو دۆخە لە کوردستان بە خێرایی هەستی نەتەوایەتی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ببزوێنێ و دۆخەکە بۆ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخووندی ناسەقامگیر و دژوار بکات؛ هەر بۆیە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی بیرتەسکی ڕێژیمی ئەوکاتی ئێرانەوە هێرش بۆ سەر کوردستان و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی کورد، پێویستییەکی خێرا بوو. بە بێ سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان و داگیرکردنی کوردستان، سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامی مەحاڵ دەبوو، بەڵام ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار دەیە دەبینین کە ناوەڕۆکی فتوای ساڵی ٥٨ی خومەینی وەک تازە دەرکرابێ بۆتە سەرمەشقی هەڵسوکەوت و جووڵە هیستریاییەکانی ڕێژیمی دوگم و بیرتەسکی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر کورد بەردەوامە .
بەو جیاوازییە لاوەکییە کە ئەوکات بەڕۆژی ڕووناک خەریکی تاڵانکردن و خوێنڕشتنی ڕۆڵەکانی کورد بوون بەڵام ئێستا بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرنتر و خوێنمژانەتر لە بەرامبەر وێژمانی نەتەوەیی ڕاوەستاون و لە ڕێگاگەلی جۆراوجۆر و بە چەند جەمسەریکردنی پرسی لەنێوبردنی کورد و پیرۆزییەکانی خەریکی ڕێڕەوبوونی ئەو ڕێگا قێزەونە و نامرۆڤانە لە بەرامبەر گەلێکی ژێردەست کە لە تەواویی وێســـتگە مێژووییەکاندا جگە لە داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی ژیان و پاراستنی پیرۆزی و زمان و خاک هیچ مەترسییەکی بۆ گەلانی تری ئێران نەبووە خەریکی بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ماڵی کوردن و جار بە بیانووگەلی سیاسی و جار بە بۆنەی کۆڵبەربوون و هەوڵدان بۆ تێرکردنی زگی بنەماڵە و زۆر جاریش بە نانەوەی فیتنە خەریکی سەرکوتی گەلی کوردە. ئێستا ڕێژیمی ئێران لە ماکزیمۆمی فاشیستبوونی خۆیدا و لە ئاخرین لێو و پلەی دڕەندەییدا بە ئاسمیلەکردن و بە پشوودرێژی خەریکی تواندنەوەی گەلی کوردە لە نێو پیرۆزییە وەهمیی و خەیاڵی و دەستکردەکانی سیستمێکی پۆپۆلیستی کە دایمە بە شێوەی ئاواراتووسی و لە ڕێگای شەڕی نەرم و تەنانەت شەڕی سەربازیش هەوڵ بۆ پێشێلکردنی کەرامەت و تەسککردنەوەی نەوەی نوێی کورد دەدا و وەک سەرەتای دەست بەکاربوونی و بە لەشکەرکێشی ئەو کارە ناکا؛ بەڵام بە خۆشحاڵییەوە ئێستا بەهۆی هۆکاری جیاواز و بەبۆنەی چالاکی NGO و حیزبە سیاسییەکان و بە پێشەنگبوونی چاوساغانی کۆمەڵگا گەلانی ئێران بەرەو ئاقار و قۆناغێکی نوێی لە لێکدانەوە سیاسی و فکرییەکان ڕۆیشتوون و بە ڕادەیەک ئاستیان لەهەمبەر چەواشەکاری سیستمی زاڵ و دیکتاتۆردا چۆتە سەرێ کە چیتر وەک ساڵانی ٥٨ لەبەرامبەر کورد دانابینن و بەڵکوو خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی کورد دادەنێن لە ڕێگای ئەستەم و دژواری ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە کە بە هێنانەئارای ئیسلامیی سیاسی و شیعەگەرایی و پەرەپێدانی تیرۆر لە ناوچە بۆتە هۆکاری سەرەکی کەمدەرەتانی خەڵک و نەهامەتییەکانیان .
حاشالێنەکراوە کە نەتەوەی کورد بەهۆی مێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری و بەهۆی ملکەچنەبوونی لەبەرامبەر ئەو ستەم و زوڵمانە دەکەوێتە دلەی یەکەم و پڕبایەخی چەوساندنەوە و ئایدیۆلۆژیا و فکریەتی شۆڤینیزمی و فاشیزمی ڕێژیمی کۆلۆنیالیست و تەواوی هەوڵەکانی دەخرێتە گەڕ بۆ لەناوبردنی مەعنەوی و فیزیکی ئەو گەلە یا بۆ هێنانە ژێر ڕکێفی خۆی و کردن بە کۆیلە.
ئەوە جوان دیارە کە کۆماری پەت و سێدارە لە ڕووی مەعریفەوە لەسەر هێڵی فاشیستی دیکتاتۆرییە و هاوتەریب لەگەڵ تەواوی حکومەتە دیکتاتۆرەکانی مێژوو لە هەوڵی سڕینەوەی هەرجۆرە دەنگێکی دژبەر و لەنێوبردنی تەواوی وێژمان و فکریەتەکانی نەتەوە و ئێتنیک و ئایین و ئایینزاکانە و لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکا .
سەرەڕای هەمووی ئەو باسانە ئاریشەی ئێستای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە دوای تێپەڕبوونی ٤٣ ساڵ لە دەرکردنی فتوای خومەینی دەبینین کە کوردقڕان و خوێنڕشتنی ئەو نەتەوە ژێردەستە لە لووتکەی ئەو هێرەمەدایە و بە گرتین هەوڵی ئاسمیلەکردن، لەنێوبردنی شوناس، زمان، ئایین، پیرۆزی و کولتوورمان دەدات و ئەگەر لەو ڕێگەیەشەوە نەتوانێ لە بیانووگەلی ناڕەوا و پلانە نگریس و شوومەکانی بە میلیتاریزەکردن و کردنی کوردستان بە پادگانێک بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی و تەنینی چەندەها دامودەزگای ئەمنی و زاڵکردنی کەشێکی نالەباری ئەمنیەتی لە ناوچە کوردنشینەکان هەوڵ بۆ کوشتن و ئێعدام و زیندانیکردن و لە زۆر حاڵەتدا تەقەی ڕاستەوخۆ لە خەڵکی کورد بەهۆی خۆپیشاندان یا نارازیبوون کۆڵبەری و چالاکی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەکات.

**دەرئەنجام :**
لە دوای دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد و هێنانی لەشکەر بۆ کوردستان و کاولکاری و کوشت و کوشتار لە چەندین شار و گوندی کوردستان و دانپێدانەنان بە ڕەوتی فکری و هزری و سیاسی کورد و پەسەندنەکردنی مافەکانیان و هێشتنەوەیان وەک نەتەوەیەکی ژێردەست ئەمڕۆکە شاهیدی ئەوەین کە بە مۆدێڕنکردنی سیستمی لەنێوبردن و بە پڕاکتیک و پلانی نوێی ڕێژیم، هەمان ڕەوت و ڕێڕەوی کوردقڕان وەک یاسایێکی شەڕعی و فتوایەکی ئیسلامی جێبەجێ کردووە و نەتەنیا بە گوزەری کات و تێپەڕبوونی ساڵانێک لەو جنایەتە بیرتەسکتر بۆتەوە و ئاکارە فاشیستی و دژەگەلییەکانی گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی بەڵکوو هەروەک باس کرا، لێرە ئەوە مۆری ڕوورەشی بۆ ڕێژیم و میداڵێک لە چەندەها ئیفتخاری گەلی کورد زیاد دەکا کە لە هیچ هەلومەرج و هیچ کاتوساتێکدا ملکەچی سیاسەتە توندئاژۆکانی نەبووە و نەیتوانیوە فکریەت و بوونی کورد لە نێو ببات بەڵکوو بە ڕقئەستوورتربوونی خەڵک دوژمنێکی گەورەتری لە بەجێماوانی ئەو تراژێدیایە بۆ خۆی هەڵکەندووە .

# پیرۆزبایی

## بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و بە ئەنجام گەیشتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات، لە ڕۆژانی ڕابردوودا کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی لەلایەن حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستانەوە ئاراستەی حیزبی دیموکرات کراون کە لێرەدا وەک ئەمەگێک بۆ خەمخۆری ئەو ئازیزانە دەقی پەیامەکانیان بڵاو دەکەینەوە:

### پەیامی حیزبی شیوعی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

بەڕێزان: سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان
هاوڕێیانی بەڕێز لە سەرکردایەتی هەردوو حیزبی خەباتگێڕ
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە
بەخۆشحاڵییەوە بەناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان، جوانترین و گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین، بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی تێکۆشەر (٢٥ی گەلاوێژ).
هەروەها لە ڕێگای ئێوەشەوە، پیرۆزبایی لە سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبەکەتان دەکەین، هیواداریـن لـە خەباتی نیشتمانیدا ڕۆڵـی سـەرەکی و کاریگەرتان لە کۆڕی خەباتدا بەردەوامیی هەبێت و سەرکەوتوو بن، سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.
هەر لەم بۆنەیەدا، خۆشحاڵین بە هەنگاوەکانی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لەم بوارەدا، حیزبی شیوعی کوردستان پاڵپشت و هاندەری ئەم هەنگاوە پیرۆزەتانە.
بەڕێزان، ئەم بۆنەیە دەقۆزینەوە بۆ ئەوەی جەخت لە دۆستایەتی و هاوخەباتی نێوان حیزبەکانمان بکەینەوە، بۆ ئەوەش هەموو پشتیوانییەک دووپات دەکەینەوە.
جارێکی دیکە پیرۆزە
مەکتەبی سیاسی
حیزبی شیوعی کوردستان

### ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

Congress of Nationalities for a Federal Iran
Democracy • Freedom • Pluralism

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ڕاگەیەندراوێکدا پێشوازیی لە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە و ئەم هەوڵەی بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕاستای بەهێزبوونی خەباتی خەڵکی ئێران بۆ وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێران زانیوە.
کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ سەرەڕای ڕێزگرتن لە هەیئەتەکانی وتووێژ بۆ ئاکام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوە، لە ئیرادەی هەردوو لایەنی دێموکرات هیواداریی دەربڕیوە کە ئەو حیزبە لە داهاتووی نزیکی خۆیدا، خەبات دژی ڕێژیمی ئێران بەگوڕتر بکات.
لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە کە ئێمە وەکوو هاوپەیمانییەکی سیاسی کە حیزبی دێموکرات تێدا ئەندامە، ئەم یەکگرتنەوەیە بە نیشانەی ئیرادەی بەهێزی ئەو حیزبە بۆ بەرگری لە بایەخە مێژووییەکان و پتەوکردنی خۆمان لە خەبات دژی ڕێژیمی ئێران بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیک لە کوردستان و هەروەها بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێران دەزانین.
کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕاستای بەهێزبوونی ڕێزەکانی ئەو هاوپەیمانییە سیاسییە زانیوە چونکە حیزبی دێموکرات لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە.

### پەیامی حیزبی ڕزگاریی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

بەڕێز کاک «مستەفای هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوونتان لێ بێ.
لە پەیوەند بە بیست و پێنجی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەختەوەرم کە بە ناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لە سەرکردایەتیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان، جوانترین و گەرمترین پیرۆزباییتان لێ بکەم و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ بە ئاوات بخوازم.
بەڕێزان هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕۆژی بیست و پێنجی گەلاوێژ وەک ڕۆژی باوەڕبەخۆبوون و ڕابوونەوەی نەتەوەی کورد لە مێژوودا تۆمار کراوە، چونکە لەو ڕۆژەدا شێوازی بەرخودان و خەباتی نەتەوایەتی بەرەو ئاقارێکی گشتگیر و ڕێکخراوەیی ڕێچکەی گرت، لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی بیست و پێنجی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٦ و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ئەزموونی ئێستای باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، ڕاستەوخۆ ئاشکرای دەکەن کە خەباتی کوردستانییان پێویستی بە هۆشیارکردنەوە و دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندیی بەرفراوانتر لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا هەیە، ئەم ڕایەڵە و پەیوەندییەش بە یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی ڕێکخراوە سیاسییەکان وەدی دێ، هەروەها خۆی لە خۆیشیدا ئەرکی تێکڕای کوردستانییانە کە لێبڕاوانە و شێلگیرانە تێبکۆشن و خەرمانەکە دەوڵەمەند و بەرهەمدارتر بکەن.
لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سڵاو و پیرۆزبایی ئەندامانی حیزبی ڕزگاریی دووپات دەکەینەوە و دڵخۆشین بەو هەنگاوانەی کە بۆ یەکخستنەوەی نێوماڵی دێموکراتەکان دەهاوێژرێن، دەستتان دەگوشین و پیرۆزباییتان لێ دەکەین.
براتان
ڕێکار ئەحمەد
١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی

### پەیامی «بزووتنەوەی گۆڕان» بە بۆنەی ٢٥ـی گەلاوێژ ٧٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

بەڕێز «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سڵاو
لە یادی حەفتاوحەوتەمین ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە ناوی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی و گشتی و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبتان و لایەنگرانتان دەکەین و هیوادارین بە یەکدەنگی و یەکڕیزی و تەبایی نێوان هەموو لایەنە کوردستانییەکان بتوانن هەنگاوەکانتان بەرەو پێش ببەن لە پێناو بەدیهێنانی خواستەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات و گەلی ئێران بەگشتی.
دیارە ئەوەش بە یەک بەرنامەیی و کۆدەنگی دەبێت و هیواشمان وایە ببنە جێگەی ئومێدی سەرتاسەری و داکۆکیکاری مافە ڕەواکان. جارێکی دیکە پیرۆز بێت و هەر شاد و سەرکەوتوو بن.
بزووتنەوەی گۆڕان
١٦ـی ئاگۆستی٢٠٢٢ـی زایینی
٢٥ـی گەلاوێژی ١٤٠١ـی هەتاوی

### پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

برای بەڕێزمان کاک مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاوێکی برایانەی گەرم ...
بەڕێزان؛ بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانی یەکیەتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK، بەبۆنەی (٧٧) حەفتاوحەفتەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی هەڤاڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و هێڤیدارین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەتان ببێتە فاکتەری پێشڤەچوون و خاڵی وەرچەرخان و سەرکەوتنی زیاتر لە پێناو خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.
بەڕێزان؛ لە کاتێکدا کە یادی دامەزراندنی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) دەکەنەوە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەشێوەیەکی گشتیی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوشێکی زۆر ناسک و هەستیاردان و چاوەڕوانی هاتنەپێشی کۆمەڵێ ئەگەر و پێشهات و گۆڕانکاریی مەزن دەکرێت، لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و لە پێناو یەکیەتی و یەکدەنگیی کوردان و سوودوەرگرتن لە گۆڕانکارییەکان خەبات بکەین، بێگومان یەکبوون و یەکدەنگیمان کاریگەرترین چەکمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانی دوژمن و ناحەزانمان، لەم ڕووەوە هەوڵەکاتان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات بەرز دەنرخێنین و چاومان لەوەیە کەوا بە زووترین کات هەوڵەکان بە ئەنجام بگەن و یەکگرتنەوەی یەکجارەکی ڕابگەیەنن، بە باوەڕی ئێمە یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دێموکرات و پێکهێنانی بەرەیەک بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەتاسەری دەبێتە فاکتەری سەرەکیی یەکڕیزیمان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان لە پێناو ئەم ئامانجەدا تێبکۆشین.
لە کۆتاییدا؛ دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و سڵاو لە خەبات و بەرخودانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و بەچاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانین و هیوای پێشڤەچوون و سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕۆژهەڵاتی وڵات دەخوازین و جەخت دەکەینەوە سەر پتەوکردن و پێشڤەبردنی پەیوەندیی برایانەی نێوانمان لە پێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و گەیشتنمان بە مافە ڕەواکانمان ... لەگەڵ سڵاو و ڕێزی دووبارەماندا .
هەر بژین و سەرکەوتوو بن بۆ کورد و کوردستان
براتان
غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK
١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

### یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان – ئێران بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ پەیامی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە

بەڕێزان: لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٧٧ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچانی هەیە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێراندا، هەزاران شەهید و قوربانی لەو پێناوەدا بەخشیوە بە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و لە ئێستادا مێژووی حیزبی دێموکرات، مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیک و ئازادیخوازانەی کوردە لە ئێراندا و شایانی ڕێز و پێزانینە.
وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، بە بیرهێنانەوەی دۆخی ناوچەکە و ئێران بە تایبەت و کوردستان بە گشتی، هیوای ئەوە دەخوازین کە بۆ بەهێزبوونی هەڵوێستی نەتەوەیی و هەبوونی قورسایی خەباتی گەلی کورد لە ئێران، هەوڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خەباتی پر گڕ و تینی نەتەوەکەمان و دڵی دۆستان و ئازادیخوازان و گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاد بکەن.
جارێکی تر یادی ٧٧ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان لێ پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و هەوڵی یەکگرتنەوەتان لێ پیرۆز بێت.

یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران
١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

درێژەی لاپەڕەی ٦

## پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر!
کادر و پێشمەرگە خۆشەویستەکان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات!

٧٧ ساڵ پێش ئێستە لە وەها ڕۆژێکدا کە جیهان و ناوچەکە بە دەستی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەیناڵاند، لە بەشێک لە کوردستان لە شاری مەهاباد، هەواڵی هاتنە مەیدانی حیزبێک بڵاو بووەوە، کە ٧٧ ساڵە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ بۆ سەروەری و بەختەوەریی کورد خەبات دەکات.


حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لەسەر بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرا، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دێموکراسی هەزاران شەهید، کەمئەندام، زیندانیی سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردووە. حیزبێکی وەها بەرپرسیار لە هەمبەر چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانەکەی لە مێژووی کورددا لە خەبات و تێکۆشانێکی بێوچان و خاوێندا هەمیشە جێگای ئاماژە و بەشێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی کورد و تەنانەت ناوچەکە و ئێرانە؛ واتە ئەگەر چارەسەریی پرسی کورد بۆ خودی کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین بابەتەکانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش یەکێک لە پرسە گرنگەکانە و لە ئێرانیش بەبێ چارەسەرسەریی دۆزی کورد، ئەم وڵاتە ئارامی بە خۆیەوە نابینێت و چارەسەریی ئەم کێشانە کە پێکەوە گرێ دراون، بەبێ بەشداری و هەبوونی حیزبی دێموکرات جێبەجێ ناکرێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵە گرنگە کە ئاماژەی پێ کرا و هەروەها بە هەبوونی دوژمنانێک کە بۆ لەنێوبردن کورد و کاولکردنی کوردستان قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە، کورد لە هەموو کاتێک زیاتر دەبێت یەکگرتوو و یەکڕیز بێت و خۆی لە هەمبەر داگیرکەرانییەوە ئامادەتر بکات. حیزبی دێموکرات کە زیاتر لە سێ چارەکە سەدەیە لە مەیدانی کوردایەتی سیاسەتدایە و هەموو شێوازێکی خەباتی تاقی کردووەتەوە، لەم کات و ساتە هەستیارە لە ڕاستای یەکگرتوویی نێو ڕیزەکانی خۆی هەنگاوێکی پیرۆز و جیدی هەڵگرتووە و لە سەروبەری ٢٥ی گەلاوێژ کە هەم ساڵیادی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافە و هەم حیزبی دێموکرات، خەڵکی تامەزرۆی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات دڵخۆش و شاد کردەوە و مزگێنی ڕۆژێکی خۆشی بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی و ئازادیخوازانی کوردستان دا.

بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا، وەکوو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی حیزبی دێموکرات دوو پیرۆزبایی، یەکەم پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژ و دووهەم پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئاراستەی خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

پیرۆز بێت ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات.
سەرکەوێت بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە ژێر سێبەری یەکگرتوویی و یەکڕیزیدا.

یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکرات
٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٢ کوردی



## پەیامی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵێک ڕێکخراوی فەرهەنگی و مەدەنی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

فەرهەنگیان، چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنیی کوردستان!

٧٧ساڵ لەوە پێش لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی، حیزبێکی مۆدێڕن و پێشکەوتوو و مافویست بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی «ژ. کاف» لە شاری مەهاباد، بە هیممەت و تێکۆشانی ڕووناکبیرانی ئازادیخواز و مافویستی کورد و بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا. دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان و ئێران و ناوچە و جیهاندا نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی و سیاسی بوو. حیزبی دێموکرات توانیی لە دەرفەت و هەلومەرجی ئەوکات کەڵک وەرگرێت و بە دامەزراندنی کیانی دەوڵەتی کوردی و کۆماری کوردستان لە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی زێڕین و پڕ لە دەسکەوتی نەتەوەیی و فەرهەنگی و مەدەنی تۆمار بکات و ببێتە مایەی فەخر و شانازی بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی. لە وەها ڕۆژێکی پڕشنگدار و زێڕینی مێژوویی یەکگرتنەوەی حیزبەکەی پێشەوا جێژن دەگرین و بە دەنگی بەرز دەڵێینەوە:
مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات، کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات.

یەکیەتی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران
کۆمەڵێک ڕێکخراوی فەرهەنگی و مەدەنی
٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٢ی کوردی



## بەشێک لە مامۆستایان و خوێندکارانی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ پەیامێکیان بڵاو کردەوە

خەڵکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری کوردستان
پێشمەرگە قارەمانەکان

٧٧ ساڵ لەمەوبەر، لەنێو تەنوورەی شەڕی ماڵوێرانکەری جیهانیدا و لەسەر بناخەی کۆمەڵەی «ژێکاف»، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا، دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە هەلومەرجی ئەو کاتدا وەرچەرخانێکی تەشکیلاتی و سیاسیی گەورە بوو بۆ نەتەوەی کورد و توانی بە بیرێکی تەیاری سیاسییەوە بێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە و چی تر لە پێکهاتەیەکی کلاسیکیدا قەتیس نەمێنێ و بۆ یەکەمجار کورد وەک حیزبێکی سیاسی پێ‌بنێتە نێو گۆڕەپانی بەکردەوە و بە دوور لە دەمارگرژیی نەتەوەیی، ڕاوەستە لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە کوردستانەوە بکات.

حیزبی دێموکرات بە هەستکردن بە لێپرساوێتی و حیکمەتێکی بەربڵاوی سیاسی تا ئێستا توانیویە وەکوو حیزبێکی بە پرنسیپ دەرکەوێ و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بە حورمەتەوە لێی بڕوانن.

لە ٧٧ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرادنی حیزبەکەماندا، پڕ بە دڵ سڵاو دەنێرین بۆ ڕۆحی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان و لە بەرابەر گەورەیی شەهیدانی کوردستان سەری کڕنۆش دادەنوێنین.

بێگومان نەتەوەکەمان لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات بە ئامانجەکانی دەگات و داگیرکەران وادار بە پاشەکشە لەسەر ئەم وڵاتە شیرینە دەکرێن.

لە ٧٧ـەمین ساڵوگەڕی دامەزراندنی حیزبە خۆشەویستەکەمان، ئێمەش پەیمان و بەڵێن لەگەڵ شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان نوێ دەکەینەوە کە تێکۆشەری ڕاستەقینەی خەبات بین و حیزبی بیر بکەینەوە، حیزبی ببینین، حیزبی تێبکۆشین و حیزبی ڕەفتار بکەین.

بێگومان خەبات لە دژی سیستمێکی دڕندە کە قایل بە هیچ ڕێوشوێنێکی ئەخلاقی و سیاسی نییە، ئەرکدارمان دەکات تا لێبڕاوانەتر قۆڵی هیممەت لە پێناو وەدەسخستنی ئامانجەکانمان هەڵماڵین و تا وەدیهێنانی گشت مافەکانمان لە خەبات نەوەستین. هەر بۆیە ئێستا بۆ هەرچی زیاتر لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار دەبێ هەنگاو هەڵێنینەوە. هەنووکە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و ئێران و کوردستان بەتایبەتی لە هەر کات زیاتر بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەڕۆن، جیهانی پێشکەوتوو چیتر ئەو سیستمە دڕندانەیەی پێ قەبووڵ ناکرێ کە بە کەیفی خۆیان ئەسپی هەوسارنەکراوی ویست و خواستەکانیان لینگ بدەن و چارەڕەشی بۆ ناوچە بەدیاری بێنن، ئێستا سەردەمی یەکڕیزی و یەکگرتنی تەواوی ئازادیخوازنی نەتەوەییە.

ئێمە وەکوو بەشێک لە مامۆستا و خوێندکارانی شارەکانی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی جەژنی دامەزراندنی ٧٧ ساڵەی حیزبەکەمان، ئاواتەخوازین هەرچی زووتر ئەم ڕێژیمە تۆتالیتێرە چاڵ بکرێ و هەموو گەلانی ئێران بە دامەزراندنی سیستمێکی لامەرکەزی و فیدراڵ بە ئاوات و ئامانجەکانیان بگەن.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
سڵاو لە تەواوی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تایبەت شەهیدانی نیشتمان قازی، قاسملوو و شەڕەفکەندی،
مردن و نەمان بۆ کۆماری دژەئازادیی ئاخوندی



## کۆمەڵێک کەسایەتیی فەرهەنگی و ئایینی و زانکۆیی لە چەند شاری کوردستان پەیامی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە

بەڕێز کاک مستەفا هیجری لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندی حیزبە خۆشەویستەکەمان و حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بەبۆنەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات، پیرۆزبایییەکی گەرموگوڕ پێشکەش بە بەڕێزتان، ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی شاخ و شار و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەکەین و هیواداریـن ساڵی داهاتوو ساڵی وەدیهاتنی ئاواتەکان و ئامانجە نەتەوەییەکانمان بێت.

## ویستگە

# حیزبی دێموکرات ویستگەیەک بۆ ژنان!




**نووسین: هێمۆ**

لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕی، ئەو حیزبە مەزنەی کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئەمڕۆ بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی زێڕین و بەبایەخ توانیبووی و توانیویەتی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لە خۆیدا جێ بکاتەوە و کەڵک لە وزە و هێز و توانا و پۆتانسیێلیان وەربگرێت.

مێژووی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات لێوڕێژە لە گیانبازی، لێوڕێژە لە لەخۆبوردوویی و تێکۆشان و ماندوویەتیی کەسانێک کە ئەم ڕێبازەیان بە باشترین بژاردە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەران پێناسە کردووە.

چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی حیزبی دێموکراتدا نیشانمان دەدات کە چۆن ژنان توانیویانە لەم گۆڕەپانە پڕ لە ئاڵۆزی و سەختەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن و ئەرکی خەباتێکی نەپساوە بە دژی داگیرکەران لە ئەستۆ بگرن.

هەر لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەوە و هەنگاوهەڵێناوەی ژنان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاروباری ڕێکخراوەیی تا ئەو کاتەی کە ژنان بە فەرمی چەکی بەرگری لە خاک و نیشتمانیان لە شان کرد، تاکوو ئێستا لەم مەیدانی کردەوەیەدا ژنان ڕۆڵیان گێڕاوە و ئەرکیان لە سەر شان بووە.

بێگومان خەباتی ژنان لە چوارچێوەی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا جێگای بایەخە، بەتایبەت کە باس لە کوردستان دەکرێ ئەم پرسە بایەخی چەندقاتی دەبێت، چونکە ژنان لە چوارچێوەی ئەم حیزبانەدا تەنیا خەبات بۆ ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت ناکەن، خەباتی ژنان ڕەهەندی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و بێگومان بەر لە هەموو شتێک بەگژداچوونەوەیەک بەرانبەر بە بیری چەقبەستووی داگیرکەرانە کە لە قەبارەی گشتیی کۆمەڵگادا بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتداریێتی خۆیان و بە کەڵکوەرگرتن لە هێز و توانای مادی، جێگیریان کردووە.

خەباتی ژنان خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەتوویە، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و نەزانینە، خەبات دژ بە بیرۆکەی پیاوسالاری و ژێردەستەبوونی ڕەگەزییە، خەبات دژ بە داگیرکاری و هەڵاواردن و بەلاواز پێناسەکردنە، هەربۆیە خەباتی ژنان خەباتێکی زۆر پیرۆز و جێگای بایەخە.

کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە کە بە درێژایی مێژووی خۆی کەتووەتە بەر پەلاماری دوژمنان، بۆ ڕزگاربوون لەم ژێردەستەییەش پێویستی بە وزە و توانای هەموو کەس هەیە و ڕوونیشە کە گیانفیدایی و تێکۆشانی هەموو تاکەکانی ئەم نیشتمانەیە کە دەتوانێ لە کۆتاییدا سەرکەوتن مسۆگەر بکات.

لە نێوان هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکرات وەک دێرینەترین ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێڕن توانیویەتی بە سازماندان و پلاندانان و ڕێکخستنی تایبەت، کەڵک لە هێز و تواناکان وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا، بە وردبینی و جیهانبینییەکی تایبەتەوە ڕوانیویەتە پرسەکان و بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەرنامەی تایبەتی داناوە.

خەباتی سیاسی و مەدەنی، خەباتی ڕێکخراوەیی، خەباتی چەکداری و شێوازەکانی دیکەی خەبات بۆ پاراستنی کوردستان لە چنگ داگیرکەران هەرکامەیان بە شێوازێک توانیویانە لە بەرەوپێشبردنی حیزبی دێموکرات و نزیکبوونەوەی لە ئامانج کاریگەر بن، هەر ئەم شێوازە جیاوازانەشن کە لە ساڵی ٩٥ی هەتاوییەوە و پاش ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەک فازێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دژ بە داگیرکەران لە نێو جەماوەری کوردستاندا جێگیربوون و ئێستا هەر تاکێکی کوردستان، ئەرکی پێشمەرگایەتی کەتووەتە سەرشان جا چ پێشمەرگەی شاخ بێت و چەک بە دەست، چ پێشمەرگەی شار بێت و داربەڕوویەکی کوردستان لە ئاگری داگیرکەران بپارێزێ، گرینگترین بابەت پێناسەکردنەوەی خەباتە، بەو مانایە کە هەمووان خەباتەکە بە هی خۆیان بزانن و بتوانن لە بونیاتنانەوەی داهاتووی نیشتمانەکەدا ڕۆڵ بگێڕن.

نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکرێ کە لە دوای دەسپێکی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبەکەمان لە ژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، پەیوەستبوونی ژنان بەم حیزبەوە و تیکۆشانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی گەل و نیشتمان بە چەند قات زیادی کردووە، ژنان لە شاخ و لە شار جیا لەوەی کە لە ڕابردووشدا پاڵپشتی خەباتەکە بوون، ئێستا ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان هەیە و ئامادەی هەموو چەشنە گیانفیدایی و لەخۆبوردووییەکن. سەلمێنەری ئەم ڕاستییەش ئەو ئامارانەن کە بەردەوام لە ماڵپەڕە مافی مرۆییەکاندا سەبارەت بە دەسبەسەرکران و سەپاندنی حوکمی قورس بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ؛ بەڵام بێگومان ژنان کاتێک هەنگاویان ناوەتە نێو مەیدانی خەباتەوە، لە هەموو بوارێکەوە خۆیان ئامادە کردووە کە نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوو بدەن.

هیچکات ناکرێ نکۆڵی لە بەشداری و تێکۆشانی ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بکرێ، بەڵام ئێستا و پاش ڕاگەیاندنی هەواڵی سەریەکخستنەوەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات، ئەوەیکە گرینگە ئەوەیە کە پێوەندیی دوولایەنەی نێوان ژنان و حیزبی دێموکرات، پتەوتر لە ڕابردوو بێت، چونکە هێز و توانایی ژنان بە یەکگرتوویی دەتوانێ زۆر کاریگەرتر و شوێندانەرتر لە جاران بێت، هەربۆیە ئەم قۆناغە نوێیە لە خەباتی حیزبی دێموکرات، دەبێ قۆناغێکی گرینگ و هەستیار و لەهەمان کاتدا گرینگ بۆ ژنانیش بێت تاکوو ئەرکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن و هەنگاوی گەورەتر بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش هەڵێننەوە.

# کەشتیی حیزب لە نێو گەردەلوولی ڕووداوەکانی کۆتایی دەیەی ۸۰ و سەرەتای دەیەی کۆتایی قەرنی بیستەمدا!

## ئاوڕێک بۆسەر تێکۆشانی حیزب لە دەورەی ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتور شەرەفکەندیدا( ١٤ی ژوئیەی ۱۹۸۹-۱۷ی سێپتامبری ۱۹۹۲)

ئیبراهیم لاجانی

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

### ئێران

کۆتایی شەڕ و مەرگی خومەینی بە قۆناخێکی تازە لە مێژووی ئێراندا دادەنرێ. لە دەورانی شەڕدا ئابووریی دەوڵەتی و فەرماندەهی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری وشک کردبوون. کاری حکومەت بریتی بوو لە چاپی ئەسکیناس و فرۆشی ئەرز لە بازاڕی ئازاددا. داهاتی ڕوولەکەمی نەوت لە ئابوورییەکی نابەرهەمهێنەردا، لەدەستی کاربەدەستانی مەزهەبی و سیاسی و بازرگانەکانی سەر بەئەواندا کۆببوویەوە. بێکاری و هەژاری و مەینەتبەشی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. قستی ئیسلامی و بەهەشتی ئیسلامی و کۆمەڵگای بێ تەبەقەی تەوحیدی و ئەو جۆرە خەیاڵاتە بەکەڵکی هیچ شتێک نەدەهاتن. لە دەرەوەی ئێران، بناخە سیاسی و فکری و ئایدیۆلۆژی و تیئۆریکییەکانی ئابووریی حکوومەتی و دەوڵەتی لێکهەڵوەشابوون. ئەوە وەزعێکی پێکهێنا کە لە کۆماری ئیسلامیشدا کەسانێک پەیدا بن کە بکەونە بیری چاکسازی و بازسازی و ڕێفۆرم. بەو جۆرە مەیل بەلای بازاڕی ئازاد و تێکنۆکراسی و دوورکەوتنەوە لە ڕێگاچارەی مەکتەبی و ئایدیۆلۆژیک بەرەبەرە لە نێو کاربەدەستانی ڕێژیم و دارودەستەکانی دیکەی سەر بە ئەواندا سەری هەڵدا. ئیسلام وەک حکومەت، وەک فەلسەفەی سیاسی و حکومەتکردن و دەوڵەتداری تەنیا لە زەین و بیری موشتاقی ڕابردووی ڕێبەرانی ڕێژیمدا مانای هەبوو. بۆ هەمووان دەرکەوتبوو کە سەدری ئیسلام و حکومەتی مەدینەی حەزرەتی ڕەسوڵ تازە ئیدی زیندوو نابێتەوە و لە سەدەی بیستەمدا دووبارە نابێتەوە. حکومەتی محەممەد لە سەدری ئیسلامدا تەنیا یەکجار لە مێژوودا هەبووە و ئەودەمیش لە هەلومەرجی زەمانی و مەکانی خۆیدا شکڵی گرتووە و لەوەش زیاتر تازە لە دووسێ دەیە زیاتری نەکێشاوە. دواتر ئەوە تەنیا سەرەنێزە و فتوحاتی نیزامی و غەزوە بووە کە پایەی هەموو شتێک بووە.

ئیدی فەلسەفەی حکومەتی ئیسلامی شتێک نەبوو جگە لە قبووڵکردنی ڕێبەرایەتی خومەینی؛ واتە تەنیا ئەوە بەس بوو کە خومەینی وەک ئیمام و جێنشینی خودا لەسەر زەوی بناسن. فەرمانی خومەینی قانوون بوو. بەکەیفی خۆی چی ویستبا دەیکرد. کێی ویستبا لای دەبرد و کێی پێخۆشبا دای دەنا. حکوومەت لەسەر بنەمای مۆدێلی حکوومەتە سۆسیالیستییەکانی دونیای سێهەم واتە نموونەی وەک میسر و سوریە و جەزایر و هتد سازمان درابوو.

هەموو شتێک لە قۆرخ و پاوانی دەوڵەتدا بوو. دەوڵەتێک کە نە تەشکیلات و نەتوانای ئەو هەموو کارەی هەبوو. ئابوورییەکەی لەجیاتی هێزی بازاڕ لەسەر ئەساسی زەبروزەنگ و بە زەبری گۆپاڵ هەڵدەسوڕا. لە ئاکامدا گۆپاڵ و زەبروزەنگ هێزی بازاڕی جارز و ماندوو دەکرد و هێزی بازاڕیش گۆپاڵ و هێزی زەرەنێزە و زەبروزەنگی گیرۆدەی گەندەڵی و فەساد دەکرد. مۆدێلی چینی تەواو لەگەڵ ڕۆحیەی ئاخوندی دەهاتەوە. ئەو حکومەتە لەڕێگای شۆڕش و خوێنڕێژییەوە هاتبووە سەرکار و لە سیاسەت و کاروباری کۆمەڵایەتیدا قانوونمەداری و ڕەواداری نەدەناسی. ئابووریی ئێران سەرمەشقەکەی ناسر و بنبێلا بوون. سۆڤیەت بۆ ئاخوندەکان لە ململانێ لەگەڵ ڕۆژاوادا ببووە سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهام. لەو پێوەندییەدا ئامادە بوون گەورەترین ئیمتیاز بدەنە سۆڤییەت. شەڕی کوەیت ئاخوندەکانی لە ئەمریکا ترساند. شکستی ئێران لە شەڕ لەگەڵ عێراقدا، پەرەئەستاندنی حزووری ئەمریکا لە ناوچەکەدا خەیاڵی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی لە زەینی ئاخوندەکان خستە بەر پرسیار. پێداویستییەکانی ڕێژیم بۆ یارمەتی تکنیکی و فەننی دەرەوە بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی وێرانییەکانی شەڕ و وەگەڕخستنەوەی چەرخەکانی ئابووری، کۆتایی بە خەیاڵی دەوڵەتی ئیسلامی و هەناردەکردنی شۆڕش لانیکەم لەو دەمدا هێنا. هەرچەند باڵی توندڕەوی نێودەسەڵات نارازیش بوو، بەڵام ڕێژیم بەکردەوە هەنگاوی بەرەو ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا جگە لە ئەمریکا هەڵگرت. مەرگی خومەینی کاری ئەو سوڕانەوە سێسەد و شەشت پلەیەی ئاسانتر کرد.

فڕکردنی ژەهری خومەینی لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەو هەستی بە گەورەیی مەترسییەکە لەسەر ڕێژیم کردبوو. بەو جۆرە بەرەبەرە لە دەوڵەتی ئیسلامی جگە لە ڕواڵەت و پێستی دەرەوەی هیچی دیکە نەمایەوە. حکومەتێک کە قەراربوو جێگری پێغەمبەر و جێنشینی خودا ڕێبەری بکا، ملی بۆ پارلەمان و دابەشکردنی دەسەڵات و قودرەت ڕاکێشا. بەو جۆرە وەلی فەقیە لەجیاتی مەشروعییەت بە ڕێژیم بدات، دەسەڵات و ئیقتیداری خۆی لە ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان دارودەستە جیاجیاکانی نێو ڕێژیمدا وەدەست دەهێنا. لەڕاستیدا وەلی فەقیە ببووە پەردەیەک بۆ شاردنەوەی مافیای دەسەڵات. ئاخر بناخەکانی ئابووری و سیستمی ماڵیی ئیسلامی خومس و زەکاتن کەچی ڕێژیمی ئیسلامی ڕووی کردە وەرگرتنی ماڵیاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کەوتە باجسەندن و سوودوەرگرتن و بەهرە و قازانجسەندن بەڵام پاشگری ئیسلامی پێوە زیاد کردن. بەو جۆرە ئابوورییەکی دەوڵەتی و حکومەتی لەسەر مۆدێلی ڕۆژاوا کە هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ مەدینە و کوفە و مەککە و نەجەف نەبوو بەرەبەرە کەوتە دارەدارە. لە سیستمی قەزاییشدا ڕێژیم نەیدەتوانی هەموو قانوون و یاساکان بە تەواوی بکاتە یاسا و قانوونی ئیسلامی.

بەوجۆرە حکومەتی ئاخوندی بۆ مانەوەی خۆی ڕەوتێکی گرتەبەر کە ڕۆژبەڕۆژ لە شەریعەت دوور کەوێتەوە. پاش مەرگی خومەینی ئەو ڕاستییە باشتر دەرکەوت. لەخۆڕا نەبوو لە ساڵی ۱۹۸۹دا شورای پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی پێکهێنا. بەو پێیە بەرژەوەندییەکانی نیزام لە فەرمانی خودا و ئەحکامی قورئان و ئیسلامی عەزیز گرنگتر بوون. شورای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام تەنانەت چووە سەرەوەی شورای نیگابانیش.

ئیدی کاربەدەستانی حکومەت کاریکیان بە ئارمانگەرایی و ئامانجەکانی حکومەتی ئیسلامی نەما. هەموو بیر و زکر و فکر و هەوڵ و توانا و تێکۆشانی خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئابووری تەرخان کرد. تەنیا ڕاگرتنی زاهیری شەرعی کۆمەڵگای ئیسلامی بەس بوو. حیجاب هەبێ جا ئەگەر ژنان لەگەڵ پیاوان تێکەڵاوی و تەنانەت دەستیش تێکەڵ کەن، بەو مەرجەی زاهیری شەرعی وەبەرچاوبگرن، مەسەلەیەک نییە.

ڕێژیمی ئاخووندی خۆیلەخۆیدا ناناوەندگەرا بوو. خومەینی بۆخۆی کە قەت فەقیە نەبوو ببووە وەلی فەقیە. هەر فەقێیەی گۆشەیەکی حکوومەتی بەدەستەوە گرتبوو. لە پشت سەری هەمووشیانەوە حەوزە هەبوو. ئاوێتەیەک لە دەسەڵاتی دەوڵەتی و خوسوسی پێکهاتبوو کە ناوی ڕووحانیەتیان لەسەر دانابوو. سەیر ئەوەبوو کە ئەو ڕووحانیەتە هیچ قودرەت و پرەستیژ و ئۆتۆریتەیەکی مەعنەوی و ئەخلاقی و فکری نەبوو. ئەو قودرەتە سیاسییەش کە لە ئاکامی شۆڕشدا وەدەستی هێنابوو ئاکامی ئەوەبوو کە ئەرتەش و سوپا و دەزگاکانی دیکەی سەرکوت و خەزێنەی گشتی لەبن دەستی خۆی گرتبوون و پێوەندییەکی توندیشی لەگەڵ بازاڕ و دەیان و سەدان نیهادی دیکە درووست کردبوو. هەرکام لەوان بەشی خۆیان لەو کەیکە شیرینە پێبڕابوو. هەموو ئەوە لەئاکامی هاودەستی لەگەڵ ڕێبەریی مەزهەبی واتە وەلی فەقیە ئیمکانی هەبوو.

ڕەفسەنجانی ئولیگارشییەکی گەورەی سیاسی و مەزهەبی و ماڵی و نیزامی پێکهێنا کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی هەمووی ئەو دارودەستە جۆراوجۆرانەی نێو ڕێژیمی لێک گرێدابوو.

هەر لەو ڕاستایەدا ویستیان حەوزە نوێ کەنەوە، زمانی ئینگلیسی و کۆمەڵناسییان بە دەرسەکانەوە زیاد کرد. مەبەست ئەوە بوو کە کادری تازە بۆ ئیسلام و دەزگای مەزهەبی پەروەردە بکەن، بەڵام ئاشکرایە کە ئیسلام مۆدێرنبوون هەڵناگرێ. لەو سەروبەندەدا بوو کە ڕێژیم لەگەڵ هەموو کەس و هەموو لایەک و تەنانەت لەگەڵ شەیتانیش ڕێکدەکەوت بەومەرجەی زاهیر و ڕواڵەتی ئیسلامی ڕاگرێ و وەبەرچاوبگرێ. ئەزموون ئەوەی بۆ حەوزە دەرخستبوو کە نە سیستمێک بە ناوی حکومەتی ئیسلامی و نە شتێک بەناوی ئابووریی ئیسلامی هەیە. خومەینی توند ڕۆیشت و حکوومەتی لە شەریعەت بە گرنگتر دانا، بەوجۆرە حەوزەی بێدەنگ کرد. حەوزەش هیچی نەدەویست و تەنیا داوای ڕاگرتنی زاهیری شەرعی دەکرد و بەس. بەو جۆرە جووتسالاری خامنەیی و ڕەفسەنجانی دەسەڵاتی گرتە دەست.

بەوجۆرە بێ دەسکاریکردنی خەتی ئیمام و حکومەتی مەزهەبی دەرگای وڵات بەڕووی بازرگانی دەرەکی و هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی و وەرگرتنی قەرزی دەرەکی کرایەوە. مەیدان بۆ دەڵاڵی و سازکەوبفرۆشە لە ئابووریی ئێراندا تەخت بوو. بەجۆرێک کە زیان بە پێگە و ڕێگەی دەسەڵات نەگا ئیمکانیان بۆ خۆشکردنی ڕێژەیی ژیانی خەڵک پێکهێنا. داوایان لەخەڵک ئەوەبوو ئەگەر کاریان بە سیاسەت نەبێت هەرچی دەیکەن بیکەن گەردنیان خۆش و ئازا، تەنیا زاهیری شەرعی وەبەرچاوبگرن و هیچی دیکە! بەڵام ئەو کرانەوە بچکۆلەیە بووە هۆی ئەوەی باڵانسیان لەدەست دەرچێ. لە هەر حکومەتێکی دیکتاتۆریدا، کەمترین چاکسازی و ڕیفۆرمیش، تەنانەت کە تەنیا لەڕووی ئیداریشەوە بێ، پێوەدەچێ و دەتەنێتەوە و شوێنی دیکەش دادەگرێ. تاقمی تێکنۆکرات و پراگماتیستی نێو دەسەڵات خێراییان بەو ئاڵوگۆڕانە دا. ئاخر ئەوان دەبوایە نان و کار و ئیمکانی سەرەتایی ژیان بۆ حەشیمەتی ئێران ئامادە کەن کە ئەودەم بە خێرایی ۳.۷ لە حاڵی گەشەدا بوو. ۳۵٪ی خەڵکەکەی لە ژێر تەمەنی پازدە ساڵیدا بوون و لە بەرەبەری هاتنە نێوبازاڕی کاردا بوون. ڕێژیمی ئاخوندی و حکوومەتی ئیسلامی نەک هەر لە پیادەکردنی ئەحکامی ئیسلامی تەنانەت لە پەروەردەکردنی کادری ئیسلامیش بۆ ئیدارەکردنی خۆی ناکام مایەوە. ناچار بوو تێکنۆکرات و کادرە قەدیمییەکانی سەردەمی شا بێنێتەوە سەرکار و وەخۆیان بگرێ بۆ خزمەتی خۆی. بەو جۆرە ڕۆژبەڕۆژ ڕۆڵی ئەو تێکنۆکراتانە زۆرتر بوویەوە. ڕەفسەنجانی هەوڵی دا خۆی وەک سەرداری ئاوەدانکردنەوە و ڕیفۆرم و میانەڕەوی بناسێنێ بەڵام ئەو پرسیارە لەگۆڕێدا بوو کە داخوا کۆماری ئیسلامی ڕیفۆرمهەڵگرە؟ ئیمکانی هەیە چاکسازی تێدا بکرێ؟ ئایا ڕیفۆرم دەبێتە هۆی کرانەوەی زۆرتری ڕێژیم یا ڕووخانی؟ یا دەکرێ جمهوری لەو بنبەستە ڕزگار بکرێ کە تێی کەوتبوو؟

تاقیکردنەوەی دە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی ئاخوندی نیشانی دابوو کە ناکرێ کۆمەڵگا بە بێ سەرەوبەرەیی و نوشتە و دووعا و ڕیا و تەزویر و سەرفیترە و خومس و نزا و نوێژ و ڕۆژوو ئیدارە بکرێت. حەوزە و ئایدیۆلۆژی و تەئویل و تەفسیری مەتنە ئایینییەکان و کتێبە مەزهەبییەکان بێ کەڵکی خۆیان لە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتداری و حکومەتداریدا نیشان دابوو. نە لاساییکردنەوەی حکوومەت و نیزامە سۆسیالیست و چەپەکانی دونیای سێهەم، نە لە ڕێگای ئابووریی ئایدیۆلۆژیک و فەرماندەییەوە، دەوڵەتداری بەڕێوە دەچێ.

ڕێفۆرمخوازەکانی نێو ڕێژیم لەگەڵ ئەو دژوازی و ناتەباییە بەرەوڕوو بوون کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەم سەرچاوەی دەسەڵات و مەشروعییەتیان بوو و هەم سەرچاوەی هەموو ئەو بەدبەختی و مەینەتبەشی و وێرانییەش بوو کە خەڵک لەگەڵی دەستەویەخە بوون، بۆیە دەبوایە ئاڵوگۆڕ لە هەموو سیستمدا درووست بووبایەت. دەستووری ڕێژیم بەجۆرێک نوسراوە کە هاوسەنگی لە نێوان دوو شتی ناتەبا لەگەڵ یەکتردا پێک بێنێ. حاکمییەتی سەرەڕۆیانەی مەزهەبی و دەسەڵاتداریەتی خەڵک کە ئەو دووانەش لە حاڵەتی ئاساییدا قەت پێکەوە هەڵناکەن. لەلایەکی دیکەشەوە دەبوایە کۆتایی بە فیئۆدالیزمی سیاسی و ئابووری بهێنرێ. ئاخر سەدان دەستەوتاقمی جۆراوجۆر دەسەڵات و ئیمکاناتی وڵاتیان لە نێو خۆیاندا دابەش کردبوو و وەک زیرو پێوەی نووسابوون و دمیان تێنابوو. هەر دەستەوتاقمەش ئەرتەش و سوپای تایبەتی و ڕادیۆ و دامودەزگای تەبلیغاتی و ئاپاراتی خۆی هەبوو. لە وەزعێکی ئاوادا ڕیفۆرم بریتی بوو لە کورتکردنەوەی دەست ئەو دارودەستە و تاقمە جۆراوجۆرانە بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دەهاتە پێش کە باشە ئەگەر ئەو دەستە و تاقمە جۆراوجۆرانە لە ڕێژیم بستێنینەوە کێ بە دەورووبەرییەوە دەمێنێ؟ خۆ ئەوانە خۆشیان نەدەبوونە پێشقەدەم بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی و پاکسازی و ئاڵوگۆڕ!

بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی و ئاڵوگۆڕ دەبوایە مەیدان بە ڕووناکبیران و تێکنۆکراتەکان بدرێ و ئیمکانی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن و شوێنەوار دابنێن کەچی مەیدانی زۆریش بەوان لەلایەکی دیکەوە دەبووە هۆی دوورخرانەوەی ئەو دارودەستانەی مان و مەوجودیەتی کۆماری ئیسلامیان نەک هەر پێوە بەسترابوو بەڵکوو لەسەر ڕاوەستابوو.

ڕەفسەنجانی و خامنەیی بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە ڕێگا چارەیەکیان دۆزییەوە! بەهێزکردنی ماشینی سەرکوت و زەبروزەنگ و پشتبەستن بە سەرکوت و زەبروزەنگ و تیرۆر و تۆقاندن. ئەوان مەیدانێکی کەمیان بە تێکنۆکراتەکان دا. ئەوان کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەرییان بەدەستەوە بوو، بەڵام دەسەڵات و قودرەتی بڕیاردان و سیاسەتدانان هەر دەبوایە بەدست خۆیانەوە بێت. لاسایی چینیان دەکردەوە، پەرەسەندنی ئابوورییان دەویست بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسی و پەرەسەندنی سیاسی نا! لەو چەند ساڵەدا ۱۵۰ میلیارد دۆلار لە ڕێگای فرۆشتنی نەوت و وەرگرتنی قەرزی خدەرەکی ڕژایە سەرسفرەی ئاخووندەکان. بەو جۆرە چینێکی تازە لە ئێراندا پەیدابوو کە لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی ئاخوندیدا ۳۰۰ میلیارد دۆلار ڕژابووە نێو گیرفانی.

زۆری نەکێشا کە ڕێفۆرمخواز و میانەڕەو بۆیان دەرکەوت کە میانەڕەوی و ڕێفۆرمخوازی یانی خۆهەڵواسین بە دارودەستە دەسەڵاتدارەکانی نێو حکوومەتی ئاخووندی.

ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش جگە لە کورد و چەند لایەنی دیکە، هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە ناسناوی ڕێفۆرمخواز و میانەڕەو بە ڕەفسەنجانی بدەن و ئۆمێدی خۆیانی پێ ببەستن بەڵام هیچ کات ئەوە لە چییەتی خودی ڕەفسەنجانیدا نەبوو کەچی ئۆپۆزسیۆنی بۆش و چ لێنەهاتوو دەیەویست لەو ڕێگایەوە پاکانە بۆ بێکیفایەتی و دەستبەتاڵی خۆی بکات. ڕەفسەنجانی کە سەرداری میانەڕەوی و بازسازی و چاکسازی بوو، سیمبۆل و پەیکەرەی گەندەڵی و فەساد و دزی و تاڵان و سەرکوت و تێرۆریش بوو. ئەو لەو ماوەیەدا چل میلیارد دۆلار قەرزی دەرەکی وەرگرت. تێرۆر و کوشتنی زیندانیانی سیاسی و دژبەرانی ڕێژیم لە دەرەوە، ڕوویەکی دیکەی ئەو ڕێژیمە بوو. پەرەسەندن لەگەڵ سەرکوت و تاڵان و سەرکوت لایەنێکی دیکەی ماهیەتی ڕێژیم بوو.

بۆ سەرکوتی بزووتنەوە ئێعترازییەکانی خەڵک کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەماندا بۆ داوای نان و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان دەڕژانە سەر شەقامەکان لە ئەرتەش و سوپا و هێلیکۆپتێر کەڵکی وەردەگرت. قەتڵە زنجیرەییەکان، تێرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆن و دژبەرانی ڕێژیم لەدەرەوە، کوشتن و ئەشکەنجە و ئێعدام، سیمای ئەسڵی ڕێژیم بوون.

ئەو تێرۆر و سەرکوتە دەرەوەی وڵاتیشی گرتەوە، ڕێژیم سەرتاسەری دەزگای دیپلۆماسی و ئیمکاناتی وڵاتی خستە خزمەت دەزگاکانی سەرکوتی خۆی و لە تورکیە، قوبرس، عێراق، پاکستان، کەنداو و تەنانەت ئورووپاشدا دەستی کرد بە کوشت و کوشتاری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی. تێرۆری ڕێبەرانی گەورەی ئێمە نموونەی هەرەزەقی ئەو ڕاستییەن.

بەو جۆرە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و قازانج و بەرژەوەندییەکانیان، لەبەرانبەر خەڵک و ئازادیخوازانی ئێران هەموویان یەک بوون و لە یەک سەنگەردا پێکەوە بە دژی خەڵک ڕاوەستابوون. نە قازانج و بەرژەوەندیی میللی و نە خێری گشتی لە قاموسی بیری سیاسی ڕەفسەنجانی و دارودەستەکەیدا نەبوون. ئەو کە نەیدەتوانی ببێتە گۆرباچۆف، مۆدێلی دینگ شیائۆ پینگی هەڵبژارد. یانی سەرکوت و تێرۆر و تۆقاندنی زۆرتر و شاراوەتر لەگەڵ دزسالارییەکی بەرینتر و گەورەتر. بەو جۆرە میانەڕەوی و تەعدیلی ئابووری هیچ مانایەکی دیکەی نەبوو بێجگە لە ئاوالاکردنی دەستی مافیای قودرەت و مافیای بازاڕ. ئاخر چاکسازی ئابووری و ڕیفۆرم بە بێ دانی هێز و دەسەڵات بە خەڵک، بە بێ دانی قودرەت بە خەڵک، بە بێ بەشداری کارای خەڵک و بە بێ ئازادی کەرتی تایبەتی ئیمکانی نییە.

ڕەفسەنجانی لەو شوێنانەدا کە مەترسی لەسەر ڕێژیم هەبوو وەک

درێژە لە لاپەڕەی ۹

درێژەی لاپەڕەی ٨

پێوەندی لەگەڵ ڕۆژاوا و وڵاتانی دراوسێ، زوو تەسلیم دەبوو بەڵام هیچ کات ئامادە نەبوون دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئابووری لەدەست بدەن یا لەگەڵ خەڵکی دابەش بکەن.
بەو جۆرە ئۆلیگارشی ئاخوندی دروست بوو. لە بەرانبەر پشتیوانی ڕەفسەنجانی لە ڕێبەربوونی خامنەیی، خامنەییش بەوە ڕازی بوو کە حکوومەت زاهیری شەرعی و دڵی بازاڕ کە میلیارد میلیارد پووڵ دەڕژایە گیرفانی ڕاگرێ. لە ئاکامدا ڕەفسەنجانی ڕێگای لە هەرچەشنە چاکسازی و ڕیفۆرمێکی سیاسی گرت. ئیدی سانسۆر و سەرکوت و زەبروزەنگ بە چەشنێکی بێوێنە پەرەی ئەستاند.
دەتوانین بڵێین بە تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و مەرگی خومەینی و هاتنەسەرکاری ڕەفسەنجانی دوو دەستەی لێک نزیک کردنەوە؛ وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەتی ئورووپاییەکان کە ئارەزووی باشتربوونی پێوەندییەکانی خۆیانیان لەگەڵ ڕێژیم دەکرد و هەروەها ئەو ئێرانییانەش کە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بگەڕێنەوە و لە نێوخۆی ڕێژیمدا کار بکەن. ئەوان پێیان وابوو کە بەرەبەرە ڕێژیم ڕەنگی مەکتەبی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیک لەدەست دەدات و لە نێو خۆیدا دەگۆڕێ و دەکرێ کاری لەگەڵ بکرێ. لەڕاستیدا هەر دوو دەستە لێکدانەوە و تەفسیری قازانجویستانە و هەلپەرستانەی خۆیان لە میانەڕەوی هەبوو بەڵام کاک سەعید زوو ماهیەتی ڕەفسەنجانی ناسی و ڕایگەیاند کە تاکتیکی ڕێژیم بریتییە لەوەی کە لە ڕێگای توندترکردنی ماشینی سەرکوت لە ژوورێ و وەکارخستنی تیرۆر و کوشتار لە دەرێ و ڕاگرتنی زاهیری شەرعی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی بپارێزی و خۆی بەرێتە پێشێ؛ یانی ئەو ڕێژیمە بەر لە هەر شتێکی دیکە مانەوەی خۆی بۆ گرنگە.
مێژوو نیشانی داوە کە ڕێژیمە دژی گەلییەکان بۆ مانەوەی خۆیان ئامادە بوونە دەست بدەنە هەر چەشنە جینایەتێک. ساختار و قەوارەی کۆماری ئیسلامی، ئەو هەموو دەستە و تاقم و نیهاد و دارودەستە جۆراوجۆرە کە هەموویان بە هەزار داوی دیتراو و نەدیتراوەوە لێک گرێ دراون، ئەرتەش، سوپا، بەسیج، حەوزە، ڕووحانیەت، مەجلیس، حکومەت و هتد هەموویان بۆ پاراستی کۆماری ئیسلامی وەک یەک ئامادەی هەموو چەشنە جینایەتێکن. لەو بارەشەوە ئێران تەنانەت نەتوانێ مۆدیلی چینیش بێت. چینییەکان توانیان کرانەوە بە ڕووی دونیادا بکەنە ستراتیژی. کۆماری ئیسلامی لەو بوارەشدا دەری خست کە نەیتوانی کارێک بکات؛ واتە ڕەفسەنجانی نەیتوانی مۆدێلی چینی بەرێتە پێش. یانی کۆنترۆڵی توند لە نێوخۆ، بەڵام کرانەوە ڕوو لە دەرێ و ئازادسازی ئابووری؛ کۆماری ئیسلامی تەنیا بەشی یەکەمی وەرگرت و بەس.
هەر زوو دەرکەوت کە کاک سەعید گوتەنی فرۆفیشاڵی میانەڕەوی و چاکسازی و بازسازی بێجگە لە هەژاری و مەینەتبەشی و ماڵوێرانی و برسیەتی و نەداری و سەرکوت و خەفەقان و زەبروزەنگ، شتێکی دیکەی بۆ گەلانی ئێران تێدا نەبوو. ئەو سیاسەتە چینێکی تازە گیرفانی گەندەڵ و فاسدی دروست کرد کە نە خوای هەبوو و نە وەتەن، وەک بێگانە و داگیرکەر لەگەڵ ئێران و گەلانی ئێران دەجووڵایەوە. بەوجۆرە مەینەتبەشی، قەرزی دەرەکی، سەرکوت و تیرۆر، سانسۆر و خەفەقان، زیندان و ئیعدام، دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی وڵات و گەندەڵی و فەساد بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە دەورانی جووتسالاری ڕەفسەنجانی و خامنەییدا بوون.
لە هەلومەرجێکی ئاوادا کاک سەعید بە ڕامان و خوێندنەوە و دەرکی قووڵی سیاسی خۆی، زوو هەڵوێستەکانی حیزبی بەو جۆرەی خوارەوە داڕشتن:
- لەقاودانی فرۆفیشاڵی بازسازی و چاکسازی و ڕیفۆرمخوازی و میانەڕەوی ڕەفسەنجانی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی کوردستان و ئێران.
- دەستنیشاکردنی ماهیەتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێران
- لەقاودانی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا و هاندانی خەڵک بۆ خەبات و بەربەرەکانی
- لەقاودانی هێز و لایەنە سیاسییە ئێرانییە سازشکار و تەسلیمتەڵەبەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن
- هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی هێزو لایەنە ئێرانییە میللی و نیشتیمانی و خەباتگێڕەکان بۆ خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی
- دیفاع و بەرگری بێئامان لە سیاسەتەکانی حیزب و لە داخوازە میللی و دێموکراتیکەکانی گەلی کورد بۆ ڕزگاری لە ستەمی میللی و نەتەوایەتی.
- هەوڵدان بۆ ئەوەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستان وەک فاکتۆرێکی گەورە و سەربەخۆ لە کێشەی نێوان ئێران و عێراق نیشان بدرێ و نەکەوێتە ژێر سێبەری شەڕی کەنداو.
- ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی دونیا بە گشتی و ئورووپا بە تایبەتی لە سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان بۆ پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.
- لەقاودانی سیاسەتی سازشکارانە و بەرژەوەندیخوازانەی وڵاتانی ئورووپایی لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بێدەنگی ئەوان لەبەرانبەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا.

### لە ئاستی جیهانیدا

شکانی ئەزموونی سۆسیالیزمی مەوجود، وەک باسمان کرد، قەیرانێکی قووڵی سیاسی و تەشکیلاتی و ئایدیۆلۆژیکی بۆ زۆربەی هێزە چەپ و سوسیالیستەکانی دونیا بەدوای خۆیدا هێنا.
حیزبی دێموکرات حیزبێکی میللی و دێموکرات بوو، بەڵام چوونکە بناخەیەکی بەهێزی هەبوو، لە نێو میللەتی خۆیدا ڕەگی هەبوو، لەسەر خاکی کوردستان و لەنێو خەڵکی کوردستاندا بوو و پێگەی خەڵکی و جەماوەری هەبوو، ئەو قەیرانە نەک هەر زیانی تەشکیلاتی و سیاسی بە حیزب نەگەیاند بەڵکوو حیزبی لە هەموو بارێکەوە، بەهێزتر و پتەوتریش کرد. ئاخر پێشتر حیزب بۆخۆی لە تەشکیلاتی خۆی و لە نێو بزووتنەوەدا کەمووکوڕییەکانی سوسیالیزمی پادگانی دەستنیشان کردبوون. ڕەخنەی حیزبی ئێمە لە سوسیالیزمی مەوجود بریتی بوو لەوە کە لە سوسیالیزمی مەوجوددا توخمی دێموکراسی غایبە، شتێک کە دواتر گلاسنۆست و پرۆستۆریکای گۆرباچۆف ئەو ڕاستییەی پشتڕاست کردەوە.
بۆیە لەکاتێکدا کە چەپی ئێران و دونیا لەژێر باری ڕووخانی سوسیالیزمی مەوجوددا تاسابوو، حیزب زوو هەڵوێستی خۆی لەو بارەوە ڕوون کردەوە.
ئەوە سوسیالیزم نییە کە وەک بەرنامە و سیستمێک شکاوە، ئەوە ڕێگا و مێتۆدێک بوو کە بۆ گەیشتن بە سوسیالیزم لە کردەوەدا ناکارا هاتۆتە دەر. عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سوسیالیزم بە ماهیەتێکی دێموکراتیکەوە ئامانجی بەرزی ئینسانین و چارەنوسی مرۆڤایەتین؛ بۆیەشە حیزبی ئێمە لە بەرنامەی خۆیدا سوسیالیزمی وەک ئامانجی دوارۆژی خۆی گونجاندووە.
لەو بارەوە لە نێو هەموو هێزە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەییەکاندا حیزبی ئێمە پێش هەمووان ساخ بووەتەوە. ئەوەش حیزبی لەباری سیاسی و فکری و تێئۆریکەوە هێندەی دیکەش بەهێز و پتەو کرد. ڕۆژنامەی کەیهانی لەندەن کە لەلایەن ڕێژیمەوە بڵاو دەکرایەوە لەوبارەوە نووسی: «هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شکانی سوسیالیزمی مەوجوود وەک ئەوە وایە کە دەگوترێ حەسەن نەدەچووە مەدرسە، ئەگەر دەشچوو ڕۆژانی جومعە دەچوو. مەبەستیان ئەوە بوو کە ئێستا کە هەموو دونیا پشتی لە سوسیالیزم کردووە و چەپی دونیا تاساوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێشتاش هەر دیفاع لە سوسیالیزم دەکا.
شایانی باسە کە هەر ئەودەم حیزب پێی لەسەر مەحکوومکردنی نیزامی سەرمایەداری داگرتەوە و بە سیستمێکی ناعادڵانە و چەوسێنەری لەقەڵەم دا. دواتر و ئیدی ئێستا بەتەواوی ڕاستی و درووستی ئەو هەڵوێستەی حیزب دەرکەوتووە. حیزب نەک بەرەولای ڕاست وەرنەسووڕا، بەڵکوو ڕایگەیاند کە ئەوەی ڕووی داوە ئەزموونی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز بۆ گەیشتن بە نیزامێکی عادڵانەتر و ئینسانیتر و دەوڵەمەندتر دەکات. دوکتور سەعید دەڵێ ئێمە سەبارەت بە داهاتووی چەپ خۆشبینین، دەبێ چەپی ئێران بەخۆیدا بێتەوە و دەتوانێ ببێتە جێگای ئومێد.

### مەسەلەی میللی یا کێشەی نەتەوایەتی

سیاسەتی ئەسڵی حیزب لەو قۆناخەشدا بەپێی ئوسول بریتی بوو لە پێداگرتن لەسەر حەقانیەتی خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانیاندا.
کاک دوکتور سەعید کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا وەک کێشەی بنەڕەتی کوردستان دەناسی و هەر ئاواشی لە قەڵەم دەدا.
لەو پێوەندییەدا حیزب دەبوایە بەرانبەر بە دوو دەستە و ڕەوتی جیاواز ڕاوەستابا.
ئەوانەی حاشایان لە بوونی گەلانی ئێران و ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەکرد. هەروەها ئەوانەش کە بە بیانووی مەسەلەی دێموکراسی مەسەلەی دیکەی وەک مەسڵەحەتی خەبات و تێکۆشان دژی ڕێژیم دەیانەویست کێشەی نەتەوایەتی بخەنە بن لیچ و بخرێتە پشت گوێ.
کاک سەعید هەمیشە لە دەستەی نووسەرانی کوردستان و لە ڕادیۆدا داوای لە ئێمە دەکرد کە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە کێشەی نەتەوایەتی دینامیزمی بزووتنەوەی کوردستانە.
کۆتایی شەڕی سارد و ڕووخانی سۆڤییەت بوو بە سەرەتای گەلێک ئاڵوگۆڕی تازە، زۆر وڵاتی تازە دروست بوون و گەلێک گەل و نەتەوە توانیان سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بێنن. لەوەش زیاتر بووە هۆی گەشەی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە زۆربەی وڵاتان و ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا. ئەوە لەلایەک هێز و گوڕوتینی دەدایە بزووتنەوەی کورد بەگشتی و خەباتی حیزبی ئێمە بەتایبەتی، بەڵام هەر ئەو دیاردەیە لەلایەکی دیکەوە زەندەقی هێزە بەڕواڵەت میللی و سیاسی و دێموکراتیەکانی ئێرانی بردبوو.
بە دامەزرانی پارلمانی کوردستانی عێراق، شۆوێنیزمی ئێرانی و فاشیزمی فارس کێچیان کەوتە کەوڵی و دەستیان دایە هێرش و پەلامارێکی نەدیتراو بۆسەر بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی. سەڵتەنەتخوازەکان، بەناو کۆماریخوازەکان، نیمروز، کەیهانی لەندەن و دەیان دارودەستەی دیکەی بەناو ئۆپۆزسیۆن دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر کورد و کوردستان و هەموو زەڕادخانەی فکری و تێئۆریکی خۆیان وەڕێخست.
جارێکی دیکەش تێزە سواوە لەباوکەوتووەکانی سەردەمی شەڕی سارد واتە تەواویەتی ئەرزی و حاکمییەتی میللیان هێنانەوە بەرباس. داوایان دەکرد کە چارەنوسی سیاسی کوردستان بدرێتە دەست مەجلیسی موئەسەسان، یان ڕێفراندۆمی قانوونی ئەساسی. داوایان دەکرد بزووتنەوەی کوردستان بچێتە ژێر سەرکردایەتی ئەوان. حیزب بەگشتی بە ڕێنوێنی کاک سەعید بەتووندی بەرانبەر ئەوە ڕاوەستا و پێی لەسەر حەقانییەتی داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران داگرتەوە. حیزب پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە پێوەندیی لەگەڵ چارەنووسی کوردستاندا گەلی کورد بۆخۆی و لە کوردستاندا بڕیار دەدا. ڕێفراندۆم لەسەر مەسەلە گشتییەکان دەکرێ، ئەو مەسەلانەی پێوەندیان بە کوردستانەوە هەیە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێ.
ڕاستە لە ئێراندا مێژوویەکی هاوبەشمان هەیە و گەلانی ئێران پێکەوە ژیاون بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەتاهەتایە هەر ئاوا دەبێ و حەقیان نییە چارەنووسی سیاسی و ڕێگای گەشەی خۆیان هەڵبژێرن. دونیا لە گۆڕاندایە. پێکەوەژیان تەنیا لە ڕێگای لێکتێگەیشتن ئیمکانی هەیە نەک لە ڕێگای زۆرەملی و سەرکوت و زەبروزەنگ.
ئۆپۆزسیۆنی ئێران فشاری خستبووە سەر حیزب کە لە ژێر چەتری دێموکراسیخوازیدا لە دەوری ئەوان کۆببنەوە. حیزب ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی کورد هیچکات مل بۆ ئەو جۆرە شانتاژ و پاڵەپەستۆیانە نەوی ناکات. لەو پێوەندییەدا حیزب چوار مەرجی بنەڕەتی دیاری کردن کە ئێستاش هەر لە جێگای خۆیانن و خەتی سیاسی حیزب لەو پێوەندییەدا دیاری دەکەن. دێموکراسی، چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، دابین و دەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لابردنی هەڵاواردن و جیاوازیدانان لەسەر ژنان، کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینییەکان و هتد.


### پرۆسەی ئاشتی

حیزب هەر لەوکاتەدا کە خوشحاڵی خۆی لە سەرهەڵدان و چوونەپێشی پرۆسەی ئاشتی لە ناوچە و دونیادا دەربڕی، ڕاشیگەیاند کە بەبێ چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکەدا و بەبێ چارەسەری کێشەی گەلانی چەوساوە و ژێرچەپۆکە، بەبێ دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لەنێوبردنی هەڵاواردن و جیاوازیدانان، ئاشتی هەرگیز و لە هیچ کوێ سەقامگیر نابێت.
کاک سەعید لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی نۆهەمی حیزب گووتی تازە ئەگەر ئاشتییەکی ئاوا داشبمەزرێ، وەک خامۆشی قەبرەستان پڕمەترسییە.
ئاخر گەلانی بندەست و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان لەهەر هەلومەرجێکدا خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەبەنە پێش و هیچ هێزێکیش نییە لەو ڕێگایەدا پێشیان پێ بگرێ.



# تەیموور مستەفایی:

## بێگومان ڕێژیم لە هەموو یەکگرتنێکی دژبەرانی دەترسێ جا ئەگەر ئەو دژبەرە حیزبی دێموکرات بێ کە مێژوویەکی پڕشنگداری لە خەبات لە دژی سەرەڕۆیی ئەم ڕێژیمەدا هەیە کە ئەوە ترسەکە دووچەندان دەکات




وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی

یادکردنەوە و پیرۆزراگرتنی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٧مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ی هەتاوی، هاوکات بوو لەگەڵ بەئاکامگەیشتی هەوڵ و ئیرادەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوە و وەسەر یەکخستنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات. لەم وتوویژەدا لەگەڵ بەڕێز کاک «تەیمور مستەفایی» ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئەم پرسە گرینگەمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ـ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەدوای کۆنگرەی ١٥وە دەستی پێکرد و تا پێش کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەنگاوی زۆر باشی بڕی، لە ڕۆژەکانی نیزیک کۆنگرەی ١٦ دانووستانەکان ڕاوەستان، نامهەوێ لێکدانەوەی خۆم لە سەر ئەم ڕاوەستانە دەرببڕم کە بە بڕوای من دەتوانی هۆکاری جیاوازی هەبێ. لە ڕەوتی کارەکانی کۆنگرەی ١٦دا یەکگرتنەوە باسێکی گەرمی لەسەر کرا و کۆنگرە ڕێبەرایەتی نوێی ڕاسپارد کە درێژە بە ڕەوتی دانیشتنەکان بە مەبەستی یەکگرتنەوە بدرێت.

پاش کۆنگرە جارێکی دیکە وەفدەکانی وتوویژ دانووستانەکانیان دەست پێ کردەوە و ئەگەرچی چەند جارێک هەرجارەو بە هۆیەکەوە دابرانی تێکەوت، بەڵام بەخۆشییەوە لەو جێگایەدا کە هەر دوو لایەنمان خوازیاری سەرکەوتنی پرۆسەکە بووین بەربەستەکانمان تێپەڕاندن و بەخۆشییەوە پرۆسەکە بە ئاکامی دڵخوازی هەر دوولامان گەیشت.

لەگەڵ ڕێزمان بۆ دڵسۆزی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان، کەسایەتییە ناسراوەکان، بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و بە تێکڕای دڵسۆزانی نەتەوەکەمان کە بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەم پرۆسەیە بەردەوام گوشاریان لەسەر ڕێبەری هەر دوو لامان بووە بۆ یەکگرتنەوە هانیان داوین، جێگای شانازی و لێفێربوونە ئەم یەکگرتنەوەیە بەبێ ناوبژیوانی هیچ کەس و لایەنێک بەڕێوەچووە و ئەوەی ئەو پرۆسەیە بە ئاکامی دڵخواز گەیاند هەست کردن بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و تەنیا هەست بە بەرپرسایەتیکردنی ڕێبەری هەر دوو لای حیزبی دێموکرات بوو. دەتوانم بڵێم یەکگرتنەوە ڕووداوێکی گرینگی مێژووییە کە بەهۆی خۆمانەوە خوڵقا و بێگومان لە داهاتووی خەباتەکەماندا کاریگەری ئەرێنی دادەنێت.

کاری بەردەوام و سەبر و حەوسەلەی وەفدەکانی دانووستانکار، سەرەڕای ئەو هەموو هێرشەی کە دەکرایە سەریان جێگای ڕێز و پێزانینە کە سەرەڕای گوشاری زۆر لەسەریان توانیان ئەرکی مێژوویی خۆیان بە باشترین شێوە بە ئەنجام بگەیەنن، پڕ بەدڵ دەستخۆشی و ماندوونەبوونیان لێدەکەم.

**ـ زەروورەتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو؟**

ئەگەرچی پاش لێکدابڕان هەر دوولامان لە ئەرکە خەباتگێڕانەکانمان کە خەبات لە دژی نیزامی تاریکپەرەست و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلەکەمانە غافڵ نەبووین، بەڵام بەو حاڵەش هێزی ئێمە دابەشی دوو بەش ببوو و تەنانەت جارجاریش ئەو وزەیە کە دەبێ لەدژی دوژمن بەکار ببردرێ لە دژی یەکتر بەکارمان دەبرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ڕێژیمی قەیراناوی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو لاوازتربوونی هەرچی زیاتر دەڕۆیشت و پێویست بوو هەردوولامان هەموو هێز و وزەی خۆمان لە دژی دوژمنی مافزەوتکەری نەتەوەکەمان بەکار بردبا کە یەکگرتنەوەمان هێز و وزەیەکی نوێ بە خەباتی ڕۆژهەڵات دەبەخشێ.

لە پەیوندی بە هاوپەیمانییەکانیشماندا لەگەڵ ئۆپوزیسیونی ئێران بەمەبەستی ڕووخانی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی ڕێکخراوە فارسییەکان لەو دوو بوونەمان کەڵکیان وەردەگرت و مانۆڕیان لەنێوانماندا دەدا، بەڵام یەکگرتنەوەمان هاوسەنگییەکە دەگۆڕێ و بێگومان لە بەرژەوەندی چەسپاندنی مافەکانماندا دەبێ لەم هاوبەندی و هاوپەیمانییانەدا.

شوێندانەری دەبێ لەسەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ڕێکخراو و دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەت دەوڵەتانی کاریگەر لە بڕیارسازی جیهانیدا و حیسابی زیاترمان لە سەر دەکەن. بەتایبەت لەم هەلومەرجەدا کە ئێران لە ئینزوا و تەحریمێکی نێونەتەوەییدایە و وتوویژەکانی بەرجامیش ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو بونبەست دەڕوات و ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتانی بڕیارساز سیاسەتیان لە تەعامول لەگەڵ ئێران بەرەو سیاسەتی گۆڕان و ڕووخاندنی ڕێژیم بڕوات .

بێجگە لەوانەش ئێمە دوو لایەنی دێموکرات لە بیروبۆچووندا جیاوازییەکی ئەوتۆی فیکریمان نەبوو، سونبولەکانمان، شەهیدەکانمان، مێژوومان یەک بوو، هیچ پاساوێک بۆ ئێمە نەبوو کە بە ناوی دوو حیزبەوە کار بکەین. لە داهاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دوو حیزب بەیەک ناو کێشەساز بوو.

بێجگە لەوەش خەڵکی ڕۆژهەڵات کە سەرچاوەی هێز و وزە و ڕەواییە بۆمان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم لێکدابڕانەدا ئێمەیان بە دوو حیزب قەبووڵ نەبوو و بەردەوام داوای یەکگرتنەوەیان لێ دەکردین.

**ـ کاریگەری ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر خەڵکی کوردستان چۆن دەبێ کاتێک کە ئەوان ماوەی ساڵانێکی زۆر داواکاری سەرەکیی بە ئەنجامگەیاندنی ئەو پرسە بوون؟**

ئێستا کە من ئەم پرسیارانە وەڵام دەدەمەوە، ئەگەرچی بەخۆشییەوە پرۆسەی یەکگرتنەوە بە ئەنجام گەیشتووە و ڕێبەرایەتی دوو لایەن چەند کۆبوونەوەی هاوبەشمان پێک هێناوە و قۆناخەکانی تێکەڵبوونەوەش دەستی پێ کردووە، بەڵام هێشتا بەفەرمی یەکگرتنەوەکە ڕانەگەیەندراوە .خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە گێڕانی شیرینی و گرتنی کۆڕی ڕەشبەڵەک و ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێبەری هەردوولا، دانانی دەیان شێعر و سرود، نووسینی دروشم لەسەر دەرودیواری شارەکان و هەڵکردنی ئاڵای حیزب و ئاڵای کوردستان خوشحاڵی خۆیان لەو یەکگرتنەوەیە ڕاگەیاندووە .

ئەم یەکگرتنەوەیە خەڵک بەگشتی بەسەرکەوتنی خەباتەکەیان هیوادارتر و ئەنگیزەیان بۆ بەشداری لەو خەباتەدا بەهێزتر دەکات و هاتنیان بۆ ڕیزی خەبات گەرموگوڕتر و زیاتر دەکات ترسیان لە ڕێژیم زیاتر لە پێشوو دەشکێنێ .

**ـ ترسی ڕێژیمی ئێران لە یەکڕیزی حیزبی دێموکرات چییە و تا ئێستا چ کاردانەوەیەکی نیشان داوە؟**

بێگومان ڕێژیم لەهەموو یەکگرتنێکی دژبەرانی دەترسی جا ئەگەر ئەو دژبەرە حیزبی دێموکرات بێ کە مێژوویەکی پڕشنگداری لە خەبات لە دژی سەرەڕۆیی ئەم ڕێژیمەدا هەیە کە ئەوە ترسەکە دوو چەندان دەکات.

ڕێژیم لە تەواوی ماوەی دانووستانی وەفدەکاندا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەیهەویست هەر بۆچوونێکی جیاوازی دوو لایەن زەق بکاتەوە و درز بخاتە نێو ڕەوتی دانووستانەکانەوە . دەزگای سایبەری ڕێژیم لەم ساڵانەدا زۆر چالاکانە کەوتە کار و بە سازکردنی پەیجی جۆراوجۆر بەناوی جۆراوجۆر و جارجارەش پەیجەکانیان بەناوی کەسایەتییەکانی کوردستانەوە بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە زۆر چالاک بوو، بێگومان ڕێژیم لە ئێستا و لەداهاتووشدا دەست لە پیلانگێڕی دژی بزوتنەوەی کورد و لە سەرەوەی هەموویان حیزبی دێموکرات هەڵنا گرێت کە ئەمە نیشانەی ترسی ئەو ڕێژیمە لە حیزب و لەو هێز و جەماوەرەیە کە لە پشتی حیزبی دێموکراتدایە.

**ـ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر یەکڕیزی و تەبایی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟**

ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ ئۆلگوویەک بێت بۆ هێزەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی، ئێمە بەم یەکگرتنەوەیە و خستنە سەر یەکی وزەکانمان بەشێوەیەکی شارستانییانە و بەبێ ناوبژیوان بە سەبر و لەسەرەخۆیی توانیمان یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان بکەینە ئەمری واقیع و بەم چەشنە گوڕوتینێکی نوێ بە خەبات بدەین و هەردوو لاشمان لەم پرۆسەیەدا براوە بووین .

ئەو هێزانەش کە زەمینەی یەکگرتنەوەیان هەیە پێویستە لە پێشەوە کار لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان بکەن و پاشان بەربەستەکانی سەر ڕێگاشیان بە گیانی هاوڕێیانە و برایانە چارەسەر بکەن. بۆ ئەوەی بەڕێککەوتن بگەن پێویستە هەرکامەیان لە ئاستی هەندێک لە داخوازییەکانیاندا نەرمی بنوێنن. تاوێک درەنگکردن بۆ یەکگرتنەوە زیانهێنەر و قەرەبوونەکراوە بۆیە پێویستە پەلەی لێبکەن و بازێک بەسەر بەربەستەکاندا بدەن.

**ـ بەدەنەی حیزب و بەتایبەت ئەندامانی دێرینی حیزب لە پەیوەندی بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟**

حیزب کە لە کۆمەڵێ ئەندام و لایەنگر پێک هاتووە و هەرکامەمان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و خاوەنی فەرهەنگێکی جیاوازین، ئەوەی لە دەوری یەک کۆی کردووینەتەوە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانە، بەوچەشنە کە لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشن هاتووین هەر بەو پێیەش لێکدانەوەی جیاوازمان لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا دەبێ، بۆیە پێویستە لۆژیک و قەناعەت پێهێنان بکەینە بەردی بناغەی تەعامولمان لەگەڵ یەکتر و لە دەمارگرژی و بوغزاندنی یەکتر دوور بکەوینەوە.

ڕۆحی لێبوردەییمان بەرفراوانتر بکەین، کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان تەنیا بۆ دەرس لێوەرگرتن بۆ داهاتوو لەبیری خۆماندا بهێڵینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کارانە لە ڕابردوودا کردوومانە و لێکترازانمانی لێکەوتووەتەوە دووپاتی نەکەینەوە و ئەوەش هانی داوین و بەرەو یەکگرتنی بردووین کە قەبووڵکردنی یەکترە بەو جۆرەی کە هەین بەهێزتر بکەین. ئەرکی هەموومانە ڕۆحی هاوڕێیەتی لە نێو حیزبەکەماندا بەهێز بکەین، خۆشەویستی و لێبوردەیی بکەینە بەردی بناغەی پەیوەندییەکانمان. ئەرکی کادر و پێشمەرگە دێرینەکان و بەتەعبیری ئێوە بەتەمەنەکانە کە بۆ ئەو یەکڕەنگی و هاوڕێیەتییە ڕێنوین و ڕێپیشاندەر بن

**ـ دوای یەکگرتنەوە ئەرکی حیزب سەبارەت بە گەشەی زیاتری خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟**

دەزانن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتییاندا بەهۆی سیاسەتەکانییانەوە وڵاتی ئێرانیان لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو کردووەتەوە، لەو قەیرانانەدا قەیرانی بێکاری، قەیرانی ئاو، قەیرانی ژینگە، قەیرانی بانکی و لەگەڵ ئەمانەشدا بەهۆی هەوڵدان بۆ پیتاندنی ئۆرانیوم بەمەبەستی دروستکردنی چەکی ناوکی، ئێران لەگەڵ ئینزوایەکی نێونەتەوەیی بەرەوڕوو بووەتەوە و کەوتووەتە بەر گەمارۆیەکی تاقەتپڕوکێن، ئەمەش شوێندانەری لە بەرەو هەژاریبردنی کۆمەڵگای ئێران داناوە. لەلایەکی دیکەوە ئازادییە دێموکراتییەکان لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی نامۆیە و ڕێژیم هەر دەنگێکی ئازادیخوازانە و مافخوازانە سەرکوت دەکات. کۆی ئەم قەیران و ماف پێشێلکردنە خەڵکی ئێرانی بەزاڵە هێناوە بۆیە لەماوەی چەندساڵی ڕابردوودا خەڵک بەبێ ترس لە سەرکوت ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمی «مەرگ بۆ دیکتاتور» و «خامنەیی قاتلە ولایتش باتلە « یان سەردا و ئەمەش هەلومەرجێکە کە ئۆپوزیسیونی ئێران دەبێ خۆی بۆ ئامادە و کاری تێدا بکات .

یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان لەم هەلومەرجەدا کە هەر کات ئەگەری ئاڵوگۆڕی لێ دەکرێ، ئەو ئەرکەمان دەخاتە سەرشان کە لە هەرکام لە شێوەکانی خەباتی مەدەنی، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی، خەباتی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و پەروەردەیی و.....هتد کەڵک وەربگرین و بەرنامەی چڕوپڕمان بۆی هەبێ.

دیارە ئەولەویەتدان بە هەڵبژاردنی هەرکام لە شێوەکانی خەبات دەبێ گونجاو بێ لەگەڵ زەرفییەتەکانی حیزبەکەمان. بۆ بەڕێوەبردنی هەرکام لە شێوەکانی خەبات کە بێگومان لەگەڵ ئەولەویەتدان بە شێوەیەک لە خەبات دەبێ لە هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات کەڵک وەربگرین.

دەبێ پەروەردە و ڕاهێنانی حیزب بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی سەردەم بەرنامەی هەبێت و لەو بارانەوە چالاک بێت.



# گەلاوێژ



سەیری گۆبەندی گەلاوێژ، گەل گەمارۆی خەم ئەدا
پێکەنینی پێشەوا، قامچی لە هەرچی تەم ئەدا

وا لە سایەی خۆری ئالام، ڕوونە ڕوومەت نیشتمان
شێعر و شەو مەستی شەراب و شان لە شانی شەم ئەدا

خۆری ئازادی لە ئامێزی گەلاوێژم هەڵات
بانگی سەرەبەستیم لە سەر قەندیل، بەدڵ ئەودەم ئەدا

من لە نێو مەزرای گەلاوێژ، تۆمی کۆمارم کە چاند
بۆیە کانی نیشتمانم، قەت بە زەمزەم نەم ئەدا

دیلی و یەخسیری و گریان و دەردم کەم دەکرد
ئاشتی و ئازادی و خەندەم لەگەڵ دڵ جەم ئەدا

بۆ سەما گەر بێ گەلاوێژ،بگرێ دەستی داربەڕوو
دێڕ بە دێڕ شێعرم بە شاباشی هەموو عالەم ئەدا

ڕاژین

# گریانی شادی



ڕۆندکی گریانی شادی چاوی کوردی گرتووە
چونکە ئەمجارەم هەتاسەر دەست لەنێو دەست خستووە

ماوەیەک بوو دوژمنی من زۆربەوەی خۆش بوو دڵی
چونکە پێی وابوو هەتا سەر دوو برای لێک کردووە

ئاشتی دڵ خۆشە ئەمرۆ کەو چریکەی دێتە گوێ
ژەنگی کینە و ناتەبایی بۆ هەتاسەر مردووە

سێبەری مردن دەبینێ ڕوومەتی ڕەش هەڵگەڕا
ئەو کەسەی ڕۆژێک بەناحەق خوێنی کوردی ڕشتووە

پڕ بە کوردوستان لەگوێمدا زایەڵەی قاقای شەهید
ئەمرۆ پاداشێکی وەرگرت پڕ بەباڵای مێژووە

نەک لەلای دایکی شەهید و باوکی ڕۆڵەی قارەمان
لای گەلی کورد جێژنە ژووروی جێژنەکانی گرتووە

لێی بدەن ئاهەنگ وخۆشی وخوایە ئاوابێ وەتەن
جێژنی یەک گرتنمە چاوی دوژمنانم لێڵ بووە

بۆنی ئازادی دەپرژێنێ لەگۆنەی باخ و سەوزایی و چیا
دەنگی ئەو ڕاسانە بەرزەی تاکوو حەووا هەڵچووە

سیروان

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* · *No :829* · *22 August 2022*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia





